کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی٣٢ | خەرمانانی _١٣٦٨ | سێپتامبر _١٩٨٩


## گوزارشێك لە بەرێوەچوونی چەند ئاكسیون بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام كشاورز

بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام كشاورز بە دەست ترۆریستەكانی جمهووری ئیسلامی، چەند ئاكسیون لە وڵاتانی ئالمانی رۆژئاوا و سوئید و فەرانسە بەرێو چوو. لەو ئاكسیونانەدا بێجگە لە رێكخراوە سیاسی‌یەكان، ژمارەیەك لە خەڵكی ئەو وڵاتانەش بەشدار بوون. لەم ژمارەیەی پێشرەو دا كورتەی خەبەری دوو ئاكسیون چاپ دەكەین و لە ژمارەكانی داهاتوودا لە خەبەری باقی حەرەكەتە ئیعترازی‌یەكان ئاگادارتان دەكەین.

رۆژی ٣١ی ئووت بەرانبەر بە ٩ی خەرمانان لە سەر بانگەوازی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شوورای پەناهندە سیاسی‌یەكانی ئێران_ كە هاوری غلام مەسئوولی ئەم هەیئەتە بوو_ میتینگ و راپەیمایی‌یەك لە شاری "ئەستهكلم" بەرێوە چوو كە ٥٠٠ كەس ئێرانی و خەڵكی سوئید بەشداری‌یان تێدا كرد. چەندین سازمان و رێكخراوی سوئیدی وەك: حیزبی سوسیالیستی سوئید، فراكسیونی پارلمانی سوئید، كومیتەی پەناهەندەكانی سوئید، سەندیكالیستە شۆرشگێرەكان، وە بزووتنەوەی دژی راسیسم، لەو مەراسمەدا بەشدار بوون.

ل٦

## وت و وێــــژی هـــــاوری ئیبراهیمـــــی عـــــەلیزادە سەبارەت بە پلینومی پێنجـــەمی كومیتـــەی ناوەندی كۆمەڵە

پاش كوتایی پی هاتنی پلینومی پێنجەمی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە، دەنگی شۆرشی ئێران لە سەر باسەكانی ئەو پلینومە، وت و وێژێی لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلیزادە دەبیری یەكەمی كۆمەڵە كرد. ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە دەقی ئەو وت و وێژەیە بە بی ئەوەی بۆ هێنانە سەر شێوەی نووسین، دەسكاری كرا بی.

**پرسیاری یەكەم: هاوری برایم! راگەیاندنی كوتایی پلینومی پێنجەمی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە، حەوتووی رابوردوو لە رادیووە بلاو كرایەوە. لەو راگەیاندنە وادەردەكەوی كە ئەو پلینومە قسە و باسی گرینگی تێدا كراوە و، وەزایفیكی هەمەلایەنە دیاری كراون. پێش هەموو شتێك دەمەوی ئەوە بپرسم كە تایبەتی ئەم پلینومە لە چاو پلینومەكانی پێشوو چ بوو؟ ئایا بە تایبەت خۆی بۆ ئامادە كرابوو؟**

وەڵام: پلینومی پێنجەمی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە لە چەند لەحازەوە كۆبوونەوەیەكی تەشكیلاتی بە ئەهمییەت بوو، وە بە تەدارەك و ئامادەیی‌یەكی نیسبەتەن باشەوە بەرێوە برا. ئەوەڵ ئەوە كە، پلینومەكانی كومیتەی ناوەندی پێشتر بە فاسلەی كەم، هەر بە نزیكەی دوومانگ جاریك دەگیران. لە حاڵێكدا ئەم پلینومە پاش ماوەیەكی توولانی تر پێك هات. وەدرەنگ كەوتنی ئەم پلینومە، ئەساسەن بە دەلیلی مەسایلی فەننی بوو. لەوەماوەیەدا بەشی زۆری ئەندامانی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە، لە مەئموورییەتی جۆراوجۆری حیزبی‌دا بوون و نەمان توانی كارێكی وابكەین لەو ماوەیەدا ئەكسەرییەتی هەرەزۆری ئەندامانی كومیتەی ناوەندی لە جێگایەك كۆببنەوە. سەرئەنجام ئەكسەرییەتی نزیك بە تەواوی ئەندامان و علی البدلەكان كۆبوونەوە و هەروەها ئیمكانی ئەوەش پێك هات كە دوو هاوریی ئەندامی كومیتەی ناوەندی حیزبیش وەك نازر لە كۆبوونەوەكانماندا بەشداری بكەن.


دووهەم ئەوە كە لە هەموو پلینومەكانی پاش كونگرەی شەشەم دا بە دەلیلی شەرایتێكی تایبەت كە بەشی عەلەنی تەشكیلاتی ئێمە لەم دەورەیەدا تێیدا بوو، ئەغلەب مەسایلی فەوری دەهاتنە بەرباس و رێگاحەلیان بۆ دیاری دەكرا و تەسمیمیان لەسەر دەگیرا. رووداوەكانی ساڵی ٦٧، لە سەروبەندی كونگرەدا و هەروەها چەند مانگ دواتر ئاتەش بەسی شەری ئێران و عێراق و ئەو مەسەلانەی كە بە شوێنی داهاتن، هەندیك وەزیفەیان دەخستە سەر شانمان كە وەڵام پی دانەوەیان نەدەكرا تەئخیری تێدا بكری و پەیگیری كردنی ئەو كارانە وەخت و ئینرژی پی دەویست. لە حاڵێكدا ئەم پلینومەی ئاخری كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە لە باری واقیعی و عەمەلی‌یەوە ئیمكانی ئەوەی بوو بچێتەسەر دیاریكردنی وەزایفیك بە پێی ئەوباسە موهیم و بنەرەتی‌یانە كە چوارچێوە و جیهەتە ئەسلی‌یەكەیان مستقل لە مەسەلە و رووداوە تاكتێكی‌یەكان لە كونگرەی شەشەم دا دیاری كرابوو.

وە بە پێی ئەمە، ئەو پلینومە لەبەر ئەوەی قامكی لەسەر مەسایلی موشەخەس و لایەنە عەمەلی‌یەكانی كاری ئێمە لە شارەكانی كوردستان و مەركەزە كرێكاری‌یەكان دان و سیاسەتی روشنی لەم زەمینەیەدا پەسند كرد، دەور و نەقشێكی موهیمی دەبی لە شكل پێدانی پراتیك و تێكۆشانی ئێمە لەو مەیدانەدا.

## راگەیاندنی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت كردنی هاوری سدیق كمانگر ئەندامی كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە

بە داخ و پەژارەیەكی زۆر گرانەوە سەعات ٢ی بەیانی رۆژی ١٣ی شەهریوەر دلی هاوری و رابەری خۆشەویست هاوری سدیق كمانگر بە حەملەی جینایەتكارانەی خائینیكی بەكریگیراوی جمهووری ئیسلامی لە لیدان كەوت. هاوری سدیق كمانگر لە كاتیكدا كەوتە بەر ئەو جینایەتە و گیانی بەخت كرد كە چەند لەحزەیەك بوو كاری نووسینی وتاری بۆ دەنگی شۆرشی ئێران تەواو كردبوو، وە لە ئوتاقی كارەكەی هاتبووە دەر.


هاوری سدیق كمانگر شەخسییەتی ناسراوی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لە ئێران، سیمایەكی خۆشەویست و رابەریكی خاوەن نفووزی ناو جەماوەری كرێكار و زەحمەتكێش و بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە كوردستان، لە بناغەدانەرانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیست و ئەندامی كومیتەی ناوەندی كۆمەڵە بوو.



ئەو لە یەكەم دەستەی ئەو تێكۆشەرانە بوو كە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەریزی تێكۆشانی كۆمۆنیستی كۆمەڵە پەیوەس بوو. ئەم ٢٠ ساڵە لە تێكۆشانی بی وچانی هاوری سدیق پرە لە ئیستقامەت و كولنەدانی شۆرشگێرانە و كۆمۆنیستی، پرە لە بەجێ هێنانی دەور و نەقشی بەرجەستە لە فەعالییەتی تەشكیلاتی دا و لە تەكامول و گەشە پێدان و پتەوكردنی فكری و سیاسی و عەمەلی كۆمەڵەدا.

ل٥

## راگەیاندنی كومیتەی ناوەندی حزیبی كۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام كشاورز



رۆژی شەممە ٤ی خەرمانان هاوری غلام كشاورز (بهمن جوادی) سیمای ناسراوی بزووتنەوی كۆمۆنیستی ئێران كە بۆ دیتنی خانوادەی چوو بووە قبرس، لە شاری لارناكا، بە دەست بەكریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ترۆر كرا و بە داخەوە چەند سەعات دواتر لە بیمارستان گیانی بەخت كرد. لەم رووداوە دا یەكیك لە خزمەكانیشی بریندار بوو.

هاوری غلام شۆرشگێری لە مێژینە و سیمای ناسراوی موقاوەمەت و راوەستان لە زیندانەكانی رژیمی شا، یەكیك لە هەوەل ئەندامانی "ئیتحاد مبارزان كۆمۆنیست"، یەكیك لە بەشدار بووانی كونگرەی دامەزرینەری حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و كادریكی لیهاتووی ئەم حیزبە بوو كە لە دەورەی هەڵسوورانی لە ریزی حیزبی كۆمۆنیست دا ئەرك و مەسئولیەتی جۆراوجۆری لەسەر شان بوو كە یەكیان ئەندامەتی دەورەی دووهەمی كومیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە چەند سالی رابوردوودا هاوری غلام زیاتر لە مەیدانی كاری دەرەوەی وڵات دا هەڵدەسوورا. ئاخر مەیدانی فەعالییەتی هاوری غلام ئەندامەتی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراكانی پەناهندە سیاسییە ئێرانی‌یەكان و هەول دان بۆ پێك هێنانی ئەم فدراسیونە بوو. هاوری غلام بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی لە دژی سەرمایەداری و لە پێناو رزگار كردنی چینی كرێكاردا بە گەرم و گۆری و پەیگیری‌یەوە تێكۆشا و هەر لەو رێگایەش دا گیانی بەخت كرد.

ل٤

## وەرگیردراوی وت و وێژی هاوری منسورحكمت بە بۆنەی شەشەمین سالرۆژی پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

**پرسیاری یەكەم: هاوری منسور! ویرای سپاس بۆ ئێوە بۆ بەشداریتان لەم وت و وێژەدا. شەش ساڵ لە پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران تێپەر بووە. شەش ساڵ لەوە پێش هەر لەم رۆژانەدا، سی و چەند كەس لە هاوری‌یانمان لە كونگرەی دامەزرینەری حیزبدا كۆبوونەوە و ئەم حیزبەیان پێك هێنا، بە ئاسویەكەوە كە بۆیان دەروانی و بە دیاریكردنی داهاتوویەك كە لە بەر چاویان گرتبوو بۆ ئەم حزیبە. ئەمرۆ پاش تێپەرینی شەش ساڵ، كاتیك چاو لە حیزب دەكەین، ئایا پێت وایە لەو ماوەیەدا بە پێی ئەو شتانەی بەتەمایان بووین و ئەو ئاسویەی روومان تی كردبوو چووینەتە پێش؟**

وەڵام: بە پێوانەی چاوەروانی‌یە گشتی‌یەكانی كونگرەی دامەزرینەر، نەك هەر ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا دەبووا بكری كراوە، بەڵكوو حیزبی كۆمۆنیستی زۆر لەوە واوەتریش چووە. نازانم لەم بەرەوپێش چوونە چەندە نەتیجەی هەنگاو هەڵگرتنی بە دانستەی خۆدی حیزب بووە و چەندەی حاسلی ئاڵ و گۆرێكی عەینی‌یە كە لە نیو كۆمەڵدا و لە رەوتی خەباتی چینەكاندا لە ئێران و لە ئاستی جیهانی‌دا رووی داوە. بێگومان ئەمانە هەر دووكیان دەوریان بووە. بەهەر حال كاتێك چاو لەو ئاسویە دەكەین كە كونگرەی دامەزرینەر رووی تی كردبوو، وەچاو لە جێگا و شوێنی ئێستای حیزبیش دەكەین، ئەو بەرەوپێش چوونە گەورەیە دەبینین. زۆر كەس لە بیریان چووەتەوە كە حیزبی كۆمۆنیست لە چ وەزعییەتێكی فیكری و كۆمەڵایەتی‌دا پێك هات. حیزبی كۆمۆنیست كاتێك دا پێك هات كە رژیمی ئیسلامی هێرشێكی قورسی كردبووە سەر كرێكار و كۆمۆنیزم،

ل٧

## هاوریيانی كرێكار! حیزبی خۆتان فەتح كەن

### دەقی قسەكانی هاوری سدیق كمانگر لە مەراسمی شەشەمین سالرۆژی پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران دا

هاوری‌یان، میوانە خۆشەویستەكان!

بەر لە هەموو شتێك ئیجازەم پی بدەن لە لایەن خۆم و هاوری‌یانی كومیتەی ناوەندی‌یەوە بەخیر هاتنتان بكەم و لەم رۆژە تاریخی‌یەدا، یانی لە سالرۆژی دامەزرانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جاریكی‌تر یادیك بكەین لەو كرێكارە كۆمۆنیست و پێشرەوانە كە لە مەیدانەكانی خەبات و موبارەزەی چینایەتی دا قارەمانانە موبارەزەیان كرد و لە رێگای گەیشتن بە هیوا و ئامانجە تەبەقاتی‌یەكانیاندا گیانیان فیدا كرد. هەروەها یادی ئەو هاوری و هاوسەنگەرە قارەمان و فیداكارانەمان كە لە ریزی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا بۆ هەموار كردنی رێگای موبارەزەی چینی كرێكار و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەكانی ئەم چینە كۆمەڵایەتی‌یە گیانبازی‌یان كرد و گیان و ژیان و هەموو شتێكیان لەم رێگایەدا لە دەس دا ریز لی بگرین، وە لە بەرانبەر عەزم و ئیرادەی كۆمۆنیستانەی ئەو تێكۆشەرە كۆمۆنیستانەوە كە بە خەبات و موبارەزەی بی وچان و كولنەدەرانەی خۆیان لە كارخانە و كارگا و شار و دێهاتی سەراسەری ئێران و لە مەیدانەكانی شەری شۆرشگێرانەی كوردستاندا پەرچەمی سووری كۆمۆنیزمی كارگەری‌یان بەسەر بەرزی‌یەوە بەرز كردوەتەوە سەر دانەوینین.

هاوری‌یان!

ئێمە لە شەرایەتێكدا پی دەنیینە حەوتەمین ساڵی ژیانی پر لە شانازی حیزبەكەمان كە چینی كرێكار، یانی ئەو كەسانەی خاوەن و ساحیبی ئەسلی ئەم حیزبەن، لە شەرایتێكی سەخت و مەشەقەتباردا ژیان دەبەنەسەر. یەك ساڵ و وردەیەك دوای تەواو بوونی شەر و دە ساڵ و چەند مانگ دوای قیامی جەماوەری و توودەیی ساڵی ٥٧، ئیتر موسیبەت و رەنج و كویرەوەری لە ژیان و گوزەرانی ئەم چینە گەورە كۆمەڵایەتی‌یەدا بووەتە شتێكی ئاسایی و تەبیعی.

ل٦

زۆر بە کورتی، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم مەسەلانەی لەم پلینومەدا باسیان کرا، هەر رۆژی دوای کونگرەی شەشەم دەکرا باسیان بکری و هەر ئەو کاتیش بۆ جوابدانەوە بەم مەسەلانە، لە باری ئوسوولی‌یەوە هیچ مانع و کەم و کووری‌یەك نەبوو. بەڵام ئەوشتەی رووی‌دا، حاسلی ئەوە نەبوو کە گویا مەسەلەکە دەرك نەکراوە یان ئەحیانەن ئەهمییەت وە حەیاتی بوونی رەچاو کردنی جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم لە لایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە لەبەرچاو نەگیراوە. بەڵکوو ئەو وەدرەنگ کەوتنە حاسلی شەرایتێکی واقیعی بوو کە ئەساسەن خارج لە ئێرادەی ئێمە بە وجوود هاتبوو. بە جۆرێك کە تەنانەت کونگرەی سێهەمی حیزبیش کە زستانی پارەکە گیرا بە بریارێك کومیتەی ناوەندی حیزبی موزەف کرد بە پەیوەندیکی نزیکتر لەگەڵ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، وەڵامی هەمەلایەنەتر بەو مەسەلە تاکتیکی‌یانە بداتەوە کە بەشی عەلەنی تەشکیلاتی کوردستان لەگەڵیان بەرەو روو بوو.

دیارە لێرەدا قسەم لەو ئەولەویەتانە و لەو باسانەیە کە پلینومێك عەلی القاعدە دەتوانی بچێتە سەریان. نامەوی کاری رووتین و ئاسایی ئورگانە تخسسی‌یەکانی شارەکان، رادیو و تەبلیغاتی سەراسەری و ستادی نیزامی و بەشەکانی دیکە، باس بکەم و بچمەسەر ئەرزیابی کردن و هەڵسەنگاندنی ئەوانە.

لە بابەت خو ئامادەکردن و تەدارەکی پێویست بو پلینوم دەبی بڵێم کە لانی کەم لە ۳ مانگ پێش پێك هاتنی ئەو کوبوونەوەیەوە ناوەرۆك و مەزموونی ئەو مەسەلانە کە دەبوا لەم پلینومەدا بێنە گۆڕ و تەسمیمیان لەسەر بگیری، لە کۆبوونەوەکانی مەحدوودتری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی حیزبدا و لە سمینارەکاندا قسەیان لەسەر کرابوو. جەمعی رەهبەری کۆمەڵە لە گوزارشیك دا کە ئامادەی کردبوو بۆ پێشکەش کردن بە پلینوم، هەوڵی دا بوو سەرخەتی ئەو سیاسەتانە کە کومیتەی ناوەندی دەبوو بەرەوپێشیان بەری، لە هەموو زەمینەکاندا بەیان بکا، هەروەها لە لایەن کومیتەی ئیجرایی حیزبیشەوە پێش نووسی قەتعنامەیەك ئامادە کرابوو کە لە پلینوم دا مەترەح بکری. بۆیە وتم پلینوم بە تەدارەك و ئامادەگی‌یەکی نیسبەتەن باشەوە بەرێوە چوو.

**پرسیاری دووهەم: هاوری برایم! دووهەمین پرسیارم ئەوەیە کە دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم چ بوو، وە پەسندکراوە رەسمی‌یەکان پلینوم چ بوون؟**

وەك هەموو پلینومەکانی دیکەی کومیتەی مەرکەزی، سوننەتەن، لە ئایین نامەی بەرێوەچوونی پلینوم دا دوو ماددەی ئەسلی‌مان وەك دەستووری جەلەسەی ئاسایی دیاری کرد. یەکیان گوزارش دان بە پلینوم و ئەوی دیکە ئینتخابات و مەسەلەکانی مەربووت بە تەقسیمی کاری ناوخۆی کومیتەی مەرکەزی بوو. پلینوم پاش بیستنی گوزارشەکە و قسە کردن لە سەرکوللیاتی ئەو گوزارشە، بە پێی ئەو مەسەلانەی لە گوزارشەکەدا باسیان کراوە، یان بە پێی هەر مولاحەزە و نەزەریەکی دیکە، حالەکانی دەستووری کۆبوونەوەکە دیاری دەکا. ئەمجاریش پاش قسەکردن لە کوللیاتی گوزارشەکە، هەندیك خالی وەك: کاری تەشکیلاتیمان لە شارەکان، مەسەلەکانی تەشکیلاتی عەلەنی، دەرچوونی نەشرییەی "پێشڕەو" و قەتعنامەی پێشنیار کراوی کومیتەی ئیجرایی و چەند مەوزووعی دیکە لە دەستووری پلینوم دانران.

پلینوم لە ماوەی چوار رۆژکاری پربەپردا چووەسەر هەموو ئەو مەوزووعاتە. پاش قسە و باسی مفید و هەمەلایەنەی هاوری‌یان لەسەر گوزارش، کوللیەتی گوزارشەکەی تەئیید کرد و لە درێژەی کاری خۆیدا قەتعنامەیەکی پەسند کرد کە هەموو باسەکانی پلینوم دەگرێتەبەر. بەشە ئەسلی‌یەکانی ئەو گوزارشە و قەتعنامە کە بە شێوەی عەلەنی بڵاو دەکرێنەوە.

**پرسیاری سێهەم: هاوری برایم! ئیشارەت بە گوزارشی جەمعی رەهبەری کۆمەڵە کرد. تکایە ئەگەر دەکری سەرخەتەکانی ئەو گوزارشەمان بۆ تەوزیح بدە؟**

سەرخەتە ئەسلی‌یەکانی گوزارشەکە ئەوانە بوون: وەزعییەتی سیاسی و مەوقعییەتی خەباتی چینایەتی کرێکاران و فەعالییەت لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران کە ئەوە خۆی چەند بەش بوو: وەك کاری سازماندهی و رێکخستنی حیزبی و تایبەتی‌یەکانی لە کوردستان، مەوقعییەتی ئێستا و سەرخەتی بەرنامەی عەمەلی کورت ماوەمان لەو زەمینەیەدا، رێکخستنی جەماوەری کرێکاران، کاری قانوونی و عەلەنی، وە سیاسەتمان لە زەمینەی حەرەکەتەکانی ئیعتیرازی جەماوەری‌دا. باسی فەعالییەتی نیزامی‌مان کە بریتی بوو لە ئەرزیابی کردن و هەڵسەنگاندنی کاری نیزامی کۆمەڵە پاش خەتمی شەری ئێران و عێراق هەتا ئێستا و داهاتووی کاری نیزامی‌مان، تەبلیغاتی رادیوی دەنگی شۆرشی ئێران، مەسایلی تەشکیلاتی عەلەنی، ئەو ئیقداماتەی کراون بۆجێ بە جێ کردنی قەتعنامەکانی پەسند کراوی کومیتەی مەرکەزی حیزب و کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵە دوای ئاتەش بەس، پەیوەندی گرتن و رابتە لەگەڵ سازمانەکان و گورووهە سیاسی‌یەکان، کاری دەفتەری نمایندەگی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، تەقسیمی کار و ئەولەوییەتەکانی کاری کومیتەی مەرکەزی لە دەورەی رابوردوودا و لە دەورەی داهاتوودا، وە مەجمووعەیەك مەسەلەی دیکە کە زەمینەی گوزارشەکە بوون، وەك گوزارشی تەشکیلاتی شارەکان، ئامووزشی نیوتەشکیلاتی عەلەنی، وە چەند شتی دیکە.

لە باسی وەزعییەتی سیاسی‌دا، سەرەتا لیکدانەوەیەك لە مەوقعییەتی ئێستای جمهووری ئیسلای و مەسەلەکانی ناوخۆی رژیم پاش خەتمی شەر باسی کرا و پاشان تەسویریك لە وەزعییەتی کار و ژیانی چینی کرێکار ئەرائە درا. دوای ئەوە، داهاتووی گەشە کردنی بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازی لە سەر متالبات و داخوازەکان و گەشەی خەباتی چینایەتی لە ئێران و ئەو توانایی و زەرفییەتانە کە ئەم بزووتنەوە چینایەتی‌یە لە ئاڵ و گۆرەکانی سیاسی داهاتووی ئێراندا دەتوانی لە خۆی نیشان بدا، ئیشارەی پی کرا. هەدەفی ئەم باسە ئەوە بوو کە بناغە عەینی‌یەکانی گەشە کردن و پەرەگرتنی خەباتی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەری لە دەورەی داهاتوو دانیشان بدا و جارێکی دیکە تەئکید بکا لەسەر زەروورەت و پێویستی ئامادە بوونی حیزبی کرێکاران بۆ دەخالەتی موسر و ئاگاهانە لەم جەرەیانەدا. تحەولاتی سیاسی داهاتووی ئێران لە حاڵیك دا کە چینی کرێکار ئاگاهانە دەخاڵەتی تێدا بکا دەتوانی هەموو خەون و خەیالاتی بورژوازی بوحران لیدراوی ئێران، خەون و خەیالاتی وەك ئەوە کە گویا رەفسەنجانی و هاودەستەکانی بودەورەیەکی توولانی سبات و رەونەق و شکوفایی بو سەرمایەداری ئێران دەرەخسێنن، وە خەیالاتی دیکەی لەو نەوعە پووچەڵ کاتەوە.

باسی فەعالییەت لە شوێنی کار و ژیان، هەروەك ئیشارەم پی کرد، خۆی چەند بەش بوو: لەبەشی بەرنامەی ئێمەدا بۆ پەرەپێدانی کاری حیزبی و فەعالییەتی تەشکیلاتی لە شارەکانی کوردستان، لەسەر پێویستی بردنەسەری کەیفییەتی کاری کرێکارانی سوسیالیست و تێکۆشەرانی تەشکیلاتی، بە ئامووزش دانی ئیدئولوژیك و سیاسی فشردە، وەك بناغەی ئەسلی و ژێر بینای هەر نەوعە رێکخراویکی پتەوی حیزبی لە نیو کرێکاراندا، لەسەر پێویستی بەشداری کردنی ئەو هاوری‌یانە لە پێك هێنان یان پتەوکردنەوەی کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانی پێشڕەودا، وە تەقویەتی پەیوەندەکانی سیاسی و ئیدیولوژیکی ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە لەگەڵ حیزب وەك تەبیعی‌ترین رێگا بۆ پەرەپێدانی سازمانی حیزبی، وە لەسەر پێویستی کاری ئاگاهانە بۆ پەرەپێدانی موبارزاتی ئیقتسادی کرێکاران و روشن کردنەوەی هەموو سیاسەتەکانمان لە زەمینەی ئەو موبارزاتەدا، لەسەر هەموو ئەوانە تەئکید کرا.

لە بەشی رێکخستنی جەماوەری کرێکاراندا، هەندیك خالی موشەخەس لە بابەت نەوعی رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و ئەولەوییەتەکانمان بۆ کار کردن لەو زەمینەیەدا، مەترەح کراو لەسەر پێویستی گرتنە پێشی سیاسەتێکی فەعالتر سەبارەت بە رێکخراوە کرێکاری‌یەکانی مەوجووج لە کوردستان تەئکید کرا. لەو بەشدا تەوزیح درا کە تەشەکولە کرێکاری‌یەکان دەبی لە جەرگەی خەباتێك دا پێك بهێنرین کە هەر ئێستا بۆ باش بوونی شەرایەتی ژیان و کاری کرێکاران لە جەریاندایە. ئەم تەشەکولانە دەبی بتوانن بە شێوەی واقیعی لە موشکلاتی ژیانی کرێکاران کەم کەنەوە. هەدەفی ئێمە ئەوە نیە تەنیا کرێکارانی لایەنگری کۆمەڵە بەو مەعنایە لیرەو لەوی لە دەوری یەك کۆبکەینەوە. هەدەفی ئێمە پێك هێنانی رێکخراوە و تەشەکولی جەماوەری پر قودرەتە کە خەباتی کرێکاران وەك شەپولیکی بە هێز و نیرومەند بۆ ئەستاندنی داخوازەکانی کرێکاران لەسەرمایەداران و دەوڵەت وە حەرەکەت بخەن و بەم جۆرە فەزای سیاسی کوردستانیش بە تەواوی بخەنە ژێر تەئسیری حەرەکەتی شۆرشگێرانەی خۆیان.

لەسەر کاری عەلەنی و قانوونی لە کوردستان لە بەشی دواتردا: جیهەتی ئەو باسە ئەساسەن ئەوە بوو کە لە جامیعەیەك دا کە نەفرەت لە رژیمی جمهووری ئیسلامی سەرتاپێی داگرتوە و ماوەی دە ساڵە خەباتێکی چەکدارانەی گەرم و گۆر لە نیوان رژیم و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەدا لە جەرەیاندایە و هەموو مەسەلەیەك لەم جامیعەیەدا بە خێرایی رەنگ و بۆی سیاسی بە خۆیەوە دەگری، لە فەزایەکی ئاوادا موجازبوون و نە تەنیا موجاز بوون بەڵکوو حەیاتی بوونی بەشداری کردن لە موبارزاتی عەلەنی‌دا، لە چوارچێوەی تەناسوبی قوا و ئیمکاناتی واقیعی دا تەنانەت بە پێی قانوونەکانی مەوجوود، بە فەعالینی ئێمە و کرێکارانی تێکۆشەر و پێشڕەو ئیعلام بکری. ئەو بوچوون و سوننەتانە کە فەعالییەتی لەم چەشنە بە شتێکی کەم بایەخ دەزانن و تەحقیری دەکەن و بە غەیرە لازمی دەزانن، لە کوردستان پاشەکشەیان پی بکری و شکل و شێوە و میکانیزمەکانی کاری عەلەنی و قانوونی بە ئامووزش دان و پەروەردەکردنی بەردەوام ببنە سوننەتی جی کەوتوو لە جامیعەی کوردستاندا.

سیاسەتی ئێمە لە بابەت حەرەکەتەکانی جەماوەری و حەقخوازانەی ئەقشاری موعتەریزی جامیعەی کوردستانیش بەشیکی دیکەی گوزارش بوو کە هەر لەم بەشەدا لە موورد خەبات دژی ئیشغالی نیزامی، حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکانی زەحمەتکێشان لە گەرەکەکانی حاشیەی شارەکان، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشانی دێهات و موبارەزەی جەوانانی کوردستان بەیان کرابوو. جیهەتی ئێمە ئەوەیە کە کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیست، مودافع و لایەنگری پەیگیری نەهیشتنی هەرچەشنە بی عەدالەتی و ستەم و نابەرابەری‌یەکن، لەم حەرەکەتانە پشتیوانی دەکەن و بۆ تەقویەت کردن و بەسەر کەوتن گەیاندنیان خەبات دەکەن.

باسی دواترمان ئەرزیابی کردن و هەڵسەنگاندنی کاری نیزامی مان بوو، پاش خەتمی شەری ئێران و عێراق. لەم بەشەدا سیاسەتی نیزامی‌مان و چونیەتی بەرەوپێش چوونی لەم دەورەیەدا و هەروەها داهاتووی کاری نیزامی‌مان لە کورت ماوەدا، قسەی لە سەر کرا. فەعالییەتی نیزامی‌مان لەم دەورەیەدا بە کولنەدەری و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەگەی کۆمەڵە بەرەوپێش چوو، وە بە هەموانی نیشان دا کە شەری شۆرشگێرانە لەم مەنتەقەیەدا هەروا بلیسەدارە و ئاگری چەکەکانی بە دامرکانی شەری کونەپەرستانەی ئێران و عێراق خاموش نابی. ئەم شەرە مەیدانێکە لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان. خەباتی چەکدارانەی ئێمە سەرەرای مەسایلیکی تازە کە بە خەتمی شەری ئێران و عێراق بوی هاتبوونە پێش، لە کوسپەکانی سەررێگای خۆی تێپەر بوو و لە تەواوی ئەو دەورەیەدا لە مەوزعێکی قودرەتمەند درێژەی پەیدا کرد.

لە بابەت بەشەکانی دیکەی گوزارشەکە تەوزیحی زیاتر نادەم. مەتنی ئەسلی ئەو گوزارشە بێجگە لە هەندیك جێگای کە بە پێی مولاحەزاتی ئەمنییەتی و تەشکیلاتی بۆ بڵاوکردنەوە نەبی، بە عەلەنی بڵاو دەکرێتەوە.

**پرسیاری چوارەم: بۆ بڵاوکردنەوە و تەوزیحی زیاتری باسەکان و جهەت گیری‌یەکانی نیو پەسند کراوەکانی پلینوم چ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

هەروەك وتم پەسندکراوە رەسمی‌یەکانی پلینوم بەم زووانە بڵاو دەکرێتەوە و ژمارەی داهاتووی نەشرییەی "پێشڕەو" بۆ ئەم باسانە تەرخان کراوە. بەڵام ئێمە دەمانەوی لەم زەمینەیەدا لە راگەیاندن و ئیعلام کردنی پەسندکراوەکانی پلینوم واوەتر بچین. ئێمە دەمانەوی لە بابەت ئەو ئەرکانەی بو ئەم دەورەیە دیاری کراون و جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەم، لە رادیو و نەشرییاتی خۆمان دا بەرنامەیەکی بەرینی تەوزیحی بەرەوپێش بەرین. خەتەکانی کاری ئێمە لەم بارەیەوە دیاری کراون و مەسەلەکانی مەربووت بە هەموو لایەنەکانی فەعالییەتی ئێمە لە شارەکانی کوردستان لە سەدری ئەم بەرنامە تەبلیغی و تەرویجی‌یەدایە وە لە رۆژەکانی داهاتوودا رادیو و نەشرییاتی ئێمە دەست دەکەن بە بەرێوە بردنی ئەم بەرنامەیە.

ئێمە پێشتریش لەم زەمینانەدا بە ئورگانە تەبلیغی و ئامووزشی‌یەکانی خۆمان و بە تەماسی حوزووری لەگەڵ کرێکاران قسەمان کردوە. بەڵام ئەو شتە کە بەرنامەی عەمەلی ئەمرۆمان لە فەعالییەتی تا ئێستامان تا رادەیەك جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دەمانەوەی پێش هەموو شتێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەموو سیاسەتەکان و جهەت گیری‌یەکان و شێوە عەمەلی‌یەکانی خۆمان لە کوردستان لە مەجمووعەیەکی واحیددا رابگەیەنین و بەم جۆرە ئاسوی حەرەکەتی داهاتوومان بە تەواوی و بە هەموو لایەنەکانیەوە بخەینە بەرچاوی کرێکاران. دیارە کاری عادی تەبلیغی و ئامووزشی‌مان، دوای ئەوەش هەر درێژەی دەبی.

بەڵام مەسەلەیەك کە پێم باشە هەر لیرە ئیشارەی پی بکەم ئەوەیە کە ئەم باسانە بۆ ئێمە عەمەلی موشەخەسیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتمان دا هەیە و دەبی بە پراتیك و فەعالییەتێکی تەشکیلاتی و موبارزاتی دیاریکراو بگا. ئەوشتە کە هیوادارم بکری ئەوەیە کە تەبلیغاتی ئامووزشی‌مان لە داهاتوودا رەنگدانەوە و حاسلی پێشرەفتی عەمەلی ئەم سیاسەتانە بی و وەسیلەیەك بی بۆ وەڵامدانەوە بە ناروشنی‌یەکان و پرسیاری تازە و هینانەگوری مەسایلی تازە.

**پرسیاری پێنجەم: لە قەتعنامەی پەسند کراوی پلینوم دا،**

سوننەتەکانی چەپی رووناکبیرانە و غەیرە کرێکاری هێشتا لە نیو ئەم حیزبەدا ماون و ئەم سوننەتانە دەبنە مایەی شینەیی بوون و بە کاوەخۆبوونێکی زیانبار لە حەرەکەتی روو بە پێشمان دا، وە رەوتی تەبدیل بوونی حیزب بە حیزبێکی تەواو و کەمال کرێکاری، دژوار دەکەنەوە. ئەم سوننەت و رەوشتانە، کۆمەڵایەتین و بەم مەعنایە سەرچاوەی بە هێز بوونیان لە جامیعە دایە و پووچەڵ کردنەوەشیان هەر لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا دەکری.

دەورەی دووهەم | ژمارەی ۳۲ | خەرمانانی _۱۳۶۸ | سیپتامبر _ ۱۹۸۹

پێشڕەو

**وەك زۆر لە پەسەندکراوەکان و باسە حیزبی‌یەکانی دیکە هەوڵ دراوە کە رەوتی جیاوازی‌یەکانمان لەگەڵ باقی جەرەیانانیی غەیرە کرێکاری نیشان بدری و هەروەها ئەو جهەتەی لە داهاتوودا دەبی رەچاوکری و سیمایەك کە بۆ داهاتووی حیزبی ئێمە، جەریانی ئێمە، وە نەسلی ئێمە_ نەسلی شۆرشگێرانی سوسیالیزمی کارگەری _ لە بەرچاو گیراوە و دەبی پێی بگەین، بەیان بکری. تا ئەو جیگایە کە بەم قەتعنامەیە مەربووت بی، ئێوە چ تەوزیحیکتان هەیە؟**

جەرەیانی ئێمە وەك حەرکەتێکی رادیکالی مارکسیستی، بەرانبەر بە چەپی وردە پورژوایی ئێران شکلی گرت و سەرەنجام ئالای حیزبێکی هەلکرد کە بە هەر عەیب و نەقسیکەوە کە بوویەتی هەتا ئەمرۆش لە هەموو جەرەیانێکی دیکە لە سەراسەری تاریخی کۆمۆنیزمی ئێراندا لە کرێکاران نزیك تر بووە. سەقام گرتن و گەشە کردنی جەرەیانی حیزبی کۆمۆنیست رووداوێکی بی بناغە و پێشینە نەبوو لە تاریخی کۆمۆنیزم دا لە ئێران، وە تەنیا حاسلی تەسمیم و ئیرادەی ئەو ئینسانانەش نەبوو کە ئەو حیزبەیان پێك هێنا. وجوودی عەینی چینی کرێکار، وجوودی عەینی خەباتی چینایەتی کرێکاران، وجوودی عەینی گەرایشاتی سیاسی نیو ئەو تەبەقەیە و تایبەت هاتنە مەیدانی سیاسی چینی کرێکار و قودرەت نیشاندانی لە جەرەیانی ئینقلابی ۵۷دا، بناغەی ماددی رادیکالیزمێك بوون لە جامعەی ئێراندا کە مەجال و ئیمکانی ئەوەی بە جەرەیانی شۆرشگێر و پێشرەوی مارکسیستی‌دا هەتا خۆی بنوینی و گەشە بکا و حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەم زەمینەیە، بوو بە قوتبێکی رادیکالی مارکسیستی لە جامعەی ئێراندا. ئەم جەرەیانە نەی دەتوانی تەنیا بە سیرفی راگەیاندنی تعلق و وەفاداری خۆی بە کرێکاران، وە یا تەنیا بە پێی خالیس بوونی عەقایدی مارکسیستی خۆی، ببیتە حیزبی کرێکاران. مەرجی پێویست بو گەیشتن بەو جێگا و شوینە، ئەوە بووە و ئەوەیە کە ئەم حیزبە واقیعەن و لە عەمەلدا لەگەل بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران تیکەل بیو بەم جۆرە و لەم رێگایەوە لەسەر دنیای دەوروبەری خۆی، لە سەتحی کۆمەڵایەتی‌دا ئاگاهانە تەئسیر دابنی. حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەم ریبازە بەرەو پێش چووە و لەم لە حازرەوە بی شك ئەم حیزبە دەسکەوتی بە نرخی چینی کرێکارە، چینی کرێکارێك کە لانی کەم ۷۰ ساڵە لە ئێران بە ناوی ئەوەوە حیزب و سازمان و جەبهە و ئەنواعی شتی دیکە پێك دینن بەڵام حاسلی رەنج و خەباتی دەچیتە کیسەی چینەکانی دیکەوە. بۆیە ئەم حیزبە دەبی بپاریزری و بۆ پاراستن و تەقویەتی لە باری ئیدئولۆژیك و سیاسی و تەشکیلاتی‌یەوە دەبی موبارەزە بکری.

بەڵام ئەم واقعییەتانە هیشتا بە مەعنای ئەوە نین کە ئەم حیزبە توانیویەتی بگاتە جیگا و مەکانی کۆمەڵایەتی خۆی وەك حیزبێکی تەواو کرێکاری، حیزبێك کە کرێکارانی سوسیالیست و رەهبەرانی کارگەری لە نیو خۆیدا کۆکردبیتەوە و حیزبی ئیعتیرازی رۆژانەی کرێکاران بی. تەی کردنی ئەم رێگایە، یانی تەبدیل کردنی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە جەرەیانێکی کرێکاری، جەوهەری تحول و ئاڵ و گۆری داهاتوە کە تەنیا بەوەدی هێنانی ئەو تحولە، دەسکەوتەکانی هەتا ئێستامان لە باری تاریخی‌یەوە جیگیر دەبن و دەبنە شتێکی غەیری قابیلی هەڵگەرانەوە و لە نیو چوون.

بەلام بۆ وەدی هێنانی ئەم ئاڵ و گۆرە، هەندێك مانع لەسەر رێگامانە. سوننەتەکانی چەپی روناکبیرانە و غەیرە کرێکاری هێشتا لە نیو ئەم حیزبەدا ماون و ئەم سوننەتانە دەبنە مایەی شینەیی بوون و بە کاوە خۆبوونێکی زیانبار لە حەرەکەتی روو بە پێشمان دا، وە رەوتی تەبدیل بوونی حیزب بە حیزبێکی تەواو و کەمال کرێکاری، دژوار دەکەنەوە. ئەم سوننەت و رەوشتانە، کۆمەڵایەتین و بەم مەعنایە سەرچاوەی بە هێز بوونیان لە جامیعە دایە و پووچەل کردنەوەشیان هەر لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا دەکری. ئەگەر شکل گرتنی کۆمۆنیزمێکی کارگەری و تجسم و قەوارەی حیزبی ئەو کۆمۆنیزمە، تەنیا دەتوانی حاسلی خەباتێکی چینایەتی لەم دەورەیەدا بی، کوسپ و مانعەکانی سەر رێگای بەرەوپێش چوونیشی تەنیا بە دەخالەتی چینی کرێکار لە گەشە کردن و خەملینی ئەم حیزبەدا، لە نیو دەچن. هێزی ماددی ئەو سوننەتانە کە ریشەی قەوی کۆمەڵایەتی‌یان هەیە بە فشاری تەشکیلاتی لە نیو ناچی. بو پووچەل کردنەوە و لە مەیدان وەدەرنانی ئەو سوننەتانە، پێویستە هێزی قەوی‌تری کۆمەڵایەتی بە شێوەی واقیعی وە حەرەکەت بکەوی. بەر تەسك کردنەوەی خەبات بو لابردنی کوسپەکانی سەر رێگای پێشرەوی کۆمۆنیزمی کارگەری و داشکاندنی و هێنانەی خواری ئەم خەباتە هەتا حەددی کیشەیەك لە ناو خۆی سازمانیکدا بە هیچی‌تر ناگا بیجگە لەوەی ئەم خەباتە ناوەرۆکی واقیعی خۆی لە دەست بدا و بە تال بکری. بۆیە ئەو هێزەی کە ئەساسەن ئەو تحول و ئاڵ و گۆرە بەرەوپێش دەبا، نەك لە حەسار و چوارچێوەی بەرتەسکی تەشکیلاتی‌دا بەڵکوو لە نیو جامیعەدا دەبی بۆی بگەریی و بیکەیە هێزی فشاری واقیعی بۆ پێك هێنانی تحول و گورانکاری لە حیزبیش دا. لەم رێگایەوە، وە تەنیا لەم رێگایەوە هێزی پێویست بو لابردنی کوسپ و مانعەکانی دواتریش_ کە بی شك دینە پێش_ کۆدەبیتەوە.

ئەمرۆ ئەگەر تەکیە دەکرێتە سەر زەمینە عەینی‌یەکان و شەرایتێکی موساعید کە لە تەشکیلاتی کوردستانی حیزب دا بۆ پتەوکردنەوەی مەوقعییەتی کۆمۆنیزمی کارگەری هەیە، دەقیقەن لە بەر ئەوەیە کە لیرە هێزی لازم بۆ پێك هێنانی ئەو تحول و ئاڵ و گۆرە لە دەسترەس دایە. رابوردووی کۆمەڵە هەر چونێك ئەرزیابی کەین ئەمرۆ ئەوە دەبینین کە سازمانی کۆمۆنیستی پەیوەندێکی وای لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو جامیعەیە پێك هێناوە کە هیچ هێزێك ناتوانی پێشرەوی‌یەکانی تا ئێستای لی بستێنێتەوە. کۆمۆنیزم لە نیو کرێکاران دارەواجی پەیدا کردوە، هەموو ئیعیترازێکی کرێکاری لە کوردستان، لە لای هەموان و تەنانەت لە لای بورژوازی، کۆمەڵە دەخاتەوە بیر. ئەمرۆ نموونەیەك لە مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم لە بەر چاوی ترس لی نیشتووی چینە داراکان شکلی گرتوە کە ئیمام جومعەکەیان داماوانە هاوار دەکا دەلی: "مەهیلن سوننەتەکانی مارکسیستی لیرە ریشە دا کوتن"، "مەهیلن ئیرە ببێتە پایتەختی کۆمۆنیستەکان".

بەڵام قودرەتی چینی کرێکار لە رێکخراو بوونی دایە و ئەوە وەزیفەی ئێمەیە. ئەگەر دەمانەوەی ئەو هێزە بە هەموو قودرەتی خۆیەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەم جامیعەیە دا دەخالەت بکا، وە حیزبی خۆشی بە تەواوی بە دەستەوە بگری، دەبی بە <u>شێوەی رێکخراو</u> بێتە مەیدان. بۆ تەبیدیل کردنی کۆمۆنیزم بە جەرەیانی <u>متشکل و ریکخراوی</u> کرێکاری لە کوردستان بۆ <u>شکل پێدانی</u> کۆمۆنیزمیکی کارگەری قودرەتمەند نابی هیچ فورستێك لە دەست بدەین. دەبی دەس بە جێ، بە خیرایی و بە وەگەرخستنی هەموو ئیمکاناتێك دەست بەکار بین. بۆ ئێمە باسی پەرەپێدان و پتەوکردنەوەی سازمانی حیزبی کرێکاران، باسی ئەندام گیری بەر بلاو لە نیو کرێکاران، باسی پێك هێنان و پەرە پێدانی رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران، باسی لابردنی مانعە زهنی و عەمەلی‌یەکان بۆ پەرەپێدانی کاری عەلەنی و ئەرکی دیکەی لەو بابەتە، ئەو سیاسەتانەن کە ئەگەر پەیگیرانە بەرێوە ببرین، کۆمەڵە دەکەنە سازمانێك کە بە تەواوی لە نیو ژیان و خەباتی کرێکاران دا خۆی داکوتابی، نەك هەر کرێکاران لە چارەنووسی کۆمەڵەدا دەخالەتیان دەبی، نەك هەر لەگەل گەرایشات و بوچوونی ریگر و مەنعی لە نیوی دا بە سادەیی تەکلیفیان یەك لایی دەکەنەوە، بەڵکوو لەوە موهیمتر، مەوقعییەت و جێگا و شوێنی خۆیان_ وەك کرێکار_ بەرانبەر بە بورژوازی سەراسەری و محەللی و حیزبە سیاسی‌یەکانیان قایم و پتەوتر دەکەنەوە و دەبنە هێزیك نەك لە لای دەستی ئەقشاری نارازی دیکەی جامیعە، بەڵکوو لە سەرووی هەموویانەوە و بە حەرەکەتی سازماندراو و قودرەتمەندی خۆیان، بزووتنەوەی جەماوەریش بەرانبەر بە دەولەتی مەرکەزی چەند بەرابەر بە قودرەت تر دەکەن.

بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی ئەو ریگایە ببرین فورسەتێکی زۆرمان نیە. ئەگەر بزووتنەوەی سەراسەری هەستی و مەسەلەی رووخانی جمهووری ئیسلامی و قودرەتی سیاسی داهاتوو لە ئێران ببیتە مەسەلەی رۆژ لە جامیعەدا، وە حیزبی ئێمە نەتوانی رەهبەری سیاسی و زەرفی تەبیعی خەباتی کرێکاران بی لەو دەرورەیەدا، ئیتر لە ژیر باری "ئینقلابیگەری" وردە بورژوازی و روناکبیران دا بە زەحمەت دەوام دینی و لەوانەشە رەنگی ئەوان بگری. وە یا تەنانە ئەگەر بزووتنەوەیەکی سەراسەری لە ئارادا نەبی و بزووتنەوە بۆ خودموختاری و لابردنی ستەمی میللی گەشە بکا، وە کۆمەڵە بە شێوەی واقیعی لەو دەورەیەدا رەهبەر و زەرفی خەباتی پێشرەوانی کرێکاری و رابەرانی توودەی کرێکاران نەبی، دەکەوێتە ژیر فشاری بزووتنەوەی خودموختاری خوازی و ژیر فشاری ناسیونالیزمی "رادیکال"، وە جاریکی‌تر حاسلی رەنج و خەباتی کرێکاران دەچێتە نێو کیسەی تەبەقاتی دیکەوە. بۆیە ئەمرۆ بۆ تەبیدیل کردنی کۆمۆنیزم بە جەرەیانی <u>متشکل و ریکخراوی</u> کرێکاری لە کوردستان بۆ <u>شکل پێدانی</u> کۆمۆنیزمیکی کارگەری قودرەتمەند نابی هیچ فورستێك لە دەست بدەین. دەبی دەس بە جێ، بە خیرایی و بە وەگەرخستنی هەموو ئیمکاناتێك دەست بەکار بین.

**پرسیاری شەشەم: دیارە ئەو وەخوکەوتن و تحرکە تازەیە و تەئکیدی سەرلە نوی لە سەر ئەوە کە پێویستە حیزب لە کوردستان ببریتە سەر بناغەی چینایەتی خۆی، دەبی مەجمووعەیەك ئیقداماتی عەمەلی بۆ بکری. تەوزیحی ئێوە لەم بابەتەوە چیە؟**

ئێوە، ئەگەر چاو لە قەتعنامەی پەسندکراوی ئەم پلینومە بکەن، لیستێك لە سەرخەتی ئیقداماتیکتان بەرچاو دەکەوی کە لەم بابەتەوە نراونەتە دەستووری کاری تەشکیلاتی کوردستان. من لیرەدا ئیشارە بە موهیمترین خالەکانی دەکەم. ئەوەل، پێش هەموو شتێك دەبی لە سەر ئەوە تەئکید بکەین کە کاتیك باسی ئیقداماتی عەمەلی دەکری مەسەلەکە بۆ ئێمە لە سادر کردنی مەجمووعەیەك دستور العمل و بریاری تەشکیلاتی واوەترە. ئێمە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم حەرەکەتە پێویستی‌مان بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر لەوە زیاتر هەیە کە ئەمرۆ بە شێوەی تەشکیلاتی، عەمەلەن، لە دەسترەسمان دایە. بەم مەعنایە، ئەساسی‌ترین هێزکە ئێمە بۆ وەدی هێنانی ئەم سیاسەتانە پشتی پی دەبەستین، رەهبەرانی کرێکاری ئەو کرێکارە سوسیالیستانەن کە لە شارەکان و شوێنە کرێکاری‌یەکان کار دەکەن و تەنیا ژمارەیەکیان لەگەل ئێمە رابیتەی تەشکیلاتی‌یان هەیە و پێویستە هەموویان لە بەریوەبردنی ئەم سیاسەتەدا بەشدار بن. جگە لەوە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە سەرنجی جەماوەریکی زۆر بەرینتر بەرەو ئەم حەرەکەتەی کۆمەڵە راکیشین. وەك قەدەمی ئەوەل لەم رێگایەدا، پێش هەموو شتێك بەرێوە بردنی بەرنامەیەکی فشردەی، تەبلیغی، ئاموزشی و وشیاریدەرانە لە هەموو زەمینەکاندا، لەسەرووی هەموو ئەرکەکانمانەوەیە.

دووهەم: مەشغەلەکان و ئیمکاناتی کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵە دەبی بە جۆرێك دابەش بکرێتە سەر مەیدانە جۆراوجۆرەکان کە لەگەل ئەهمییەتی مەسەلەکان بێتەوە. بەرێوەبردنی نەقشێکی موسر لە بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتانەدا بی‌شك لە هەموو زەمینەکاندا کاری زیاتر و خوماندووکردنیکی زیاتری لیمان دەوی. لەم بابەتەوە بە تایبەت جەمعی رەهبەری کۆمەڵە_ لە فاسلەی نیوان دوو پلینومدا_ نابی ئیجازە بدا هێز و توانایی‌یەکانی لە نیوان لقە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتماندا کە وەخت گرن و زۆر مەیدانی کار دەگرێتە بەر_ بە جۆرێك دابەش بکری کە ئەو زەروورەت و ئەهمییەتەی لەم دەورەیەدا بۆ کار لە شارەکان و پەیگیری کردنی جهەت گیری‌یەکانی کونگرەی شەشەمی قایلین، کەم رەنگ بێتەوە. جگە لەمانە قەرارمان وایە ئورگانی تخسسی کە بە شێوەی موشەخەس تر هیدایەتی ئەم عەرسەیەی فەعالییەتمان لە ئەستویە، تەقویەت بکری.

سێهەم: بەرێوە بردنی زنجیرەیەك سمینار و کۆبوونەوەی دیاریکراوی حیزبی لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی "سیاسەتی سازماندەهی مان لە کوردستان" بۆ روشن کردنەوەی ئیقداماتی عەمەلی و ئامادە کردنی نەقشە عەمەلی ئیجرایی مەربووت بەو کارە و بلاو کردنەوەی ئەو باسانە لە نەشرییەی "پێشرەو" و لە بەرنامەکانی رادیویی دا، ئەولەوییەتێکی دیکەی کاری ئێمەیە. دەکری لیستێکی توولانی لەو مەزووعاتە کە دەبی لەم کۆبوونەوانەدا باسیان بکری ناو بەرین، بەڵام ئەو شتە کە لەم بابەتەوە دەبی لە بەرچاو بگیری ئەوەیە کە ئێمە لەم زەمینانەدا لە سفرەوە دەست پی ناکەین. باسەکانمان پێویستە لە ئاخرین پلەی پێشرەفتەکانی

> ئەگەر شکل گرتنی کۆمۆنیزمێکی کارگەری و تجسم و قەوارەی حیزبی ئەو کۆمۆنیزمە، تەنیا دەتوانی حاسلی خەباتێکی چینایەتی لەم دەورەیەدا بی، کوسپ و مانعەکانی سەر رێگای بەرەوپێش چوونیشی تەنیا بە دەخالەتی چینی کرێکار لە گەشە کردن و خەملینی ئەم حیزبەدا، لە نیو دەچن. هێزی ماددی ئەو سوننەتانەکە ریشەی قەوی کۆمەڵایەتی‌یان هەیە بە فشاری تەشکیلاتی لە نیو ناچی. بو پووچەل کردنەوە و لە مەیدان وەدەرنانی ئەو سوننەتانە، پێویستە هێزی قەوی‌تری کۆمەڵایەتی بە شێوەی واقیعی وە حەرەکەت بکەوی.

> ئەمرۆ ئەگەر تەکیە دەکرێتە سەر زەمینە عەینی‌یەکان و شەرایتێکی موساعید کە لە تەشکیلاتی کوردستانی حیزب دا بۆ پتەوکردنەوەی مەوقعییەتی کۆمۆنیزمی کارگەری هەیە، دەقیقەن لە بەر ئەوەیە کە لیرە هێزی لازم بۆ پێك هێنانی ئەو تحول و ئاڵ و گۆرە لە دەسترەس دایە. رابوردووی کۆمەڵە هەر چونێك ئەرزیابی کەین ئەمرۆ ئەوە دەبینین کە سازمانی کۆمۆنیستی پەیوەندێکی وای لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو جامیعەیە پێك هێناوە کە هیچ هێزێك ناتوانی پێشرەوی‌یەکانی تا ئێستای لی بستێنێتەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٢ | خەرمانانی _١٣٦٨ | سیپتامبر _ ١٩٨٩

هەتا ئێستا مانەوە دەست پێ بکەن و بە دەسکەوتەکانی تا ئێستامان متکی بن و زیاترین باری سەرنجمان بخەینە سەر لایەنە موشەخەس و تایبەتەکانی کاری ئێمە لە کوردستان هەتا تووشی دووبارە کاری نەبین و وەخت لە کیس نەدەین.

چوارەم: لە زەمینەی تەشەکولە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران دا هەر وەك لە تەوزیحاتی مەربووت بە گوزارشەکەش دا ئیشارەم پێکرد، سیاسەتەکان روشنن، دەبی بچێنە سەر ئیقداماتی عەمەلی لەم زەمینەیەدا. دیارە ئەو قسەیە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە لەم بابەتەوە ئیحتیاجمان بە کاری تەبلیغی و نووسینی مقالات لە نەشرییەدا نیە. قسە لەسەر ئەوەیە لەم قوناغە واوەتر بچین و ئەم کارە، بە دیاریکردنی ئەولەوییەتەکانمان لە مەورد رێکخستنی جەماوەری لە نیو بەشەکانی جۆراوجۆری کرێکارانی کوردستاندا، بە دیاریکردنی ئیقداماتی عەمەلی بۆ پێك هێنانی رێکخراوە و تەشەکولەکان، بە بەرقەرار کردنی تەماس و رابیتەی لازم لەگەل فەعالین و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاران و بە کاری دیکەی لەم نەوعە ئیمکان پەزیرە.

پێنجەم: لە زەمینەی کاری عەلەنی و قانوونی‌دا لازمە بەزووترین کات سیاسەتەکانی خۆمان بە کرێکاران و بە کۆمەلانی موعتەریز لە کوردستان رابگەیەنین هەتا موبارزینی کۆمۆنیست و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی جەماوەری بتوانن خۆیان لە چنگ هەموو ئەو بوچوونانە رزگار بکەن کە مانعی شکل گرتنی ئەم حەرەکەتانەن، وە لەم رێگایەدا خۆیان بە قەرزداری هیچ نەوعە "ئینقلابیگەری"یەکی خوپاریز و لە واقیع دا مونزەوی و غەیرە جیددی نەزانن و توانایی‌یەکان و ئیبتیکاراتی خۆیان بە تەواوی وەگەر خەن.

شەشەم: ئیقداماتێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی نەشریات و تەبلیغاتمان لە شارەکان و دیهاتی کوردستان مەودایەکی بەرینتر بگرنەبەر، لە مانگەکانی داهاتوودا بەرێوە ببری. ئەم حەرەکەتە، زەمانەتە بۆ دەخالەت دانی کرێکارانی پێشڕەو و کۆمەلانی کرێکار لە تێکۆشانی ئەم دەورەیەی کۆمەڵدا.

**پرسیاری حەوتەم: ئایا ئیقداماتێکی واتان لە دەستوور دایە کە بەشی عەلەنی تەشکیلات و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بگرێتە بەر؟**

لەسەر فەعالییەتی نیزامی هێزی پێشمەرگە، ئەهمییەت و جیگا و شوێنی ئەو فەعالییەتە و سیاسەتەکانی ئێمە لەو عەرسەیەدا زۆرجار قسەمان کردوە و لەو گوزارشەش دا کە درا بە پلینوم، خەتە ئەسلی‌یەکانی سیاسەتمان لەم زەمینەیەدا روشن کراوەتەوە. موهیمترین ئیقداماتێك کە لەم بابەتەوە دەبی بیکەین و پێم وایە بەش بە حالی خۆی ئیکانێکی زیاترمان پی دەدا بو پەیگیری کردنی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان، دەتوانم بە کورتی بلێم ئەمانەن:

ئەوەل ئەوەکە: هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە تەواوی بکەوێتە ژێر هیدایەتی فەرماندەهی‌یەکی واحید، وە هەموو کار و باری ئەو هێزە، هەر لە تحرك و فەعالییەتی نیزامی‌یەوە هەتا ئامووزش و هیدایەتی سیاسی، تەدارکات و کاروباری پشتی جەبهەیی و شتی‌تر لە ژێر چاوەدیری کومیتەیەك یان ستادیکی نیزامی دابی.

دووهەم: بردنەسەری سەتحی ئاموزشەکانی سیاسی و ئیدئولوژیك و هەروەها ئامووزشی نیزامی دەکەوێتە سەرووی ئەرکەکانمان لە حاست هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە. بەم مەنزوورەش مەدرەسەکانی حیزبی و ئامووزشگای پێشمەرگە تازەکان تەقویەت دەکری.

سێهەم: ئەو شتەی ئەمرۆ پێی دەگوتری تەشکیلاتی عەلەنی‌مان لە کوردستان و بەشە ئەسلی‌یەکەی لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پێك هاتوە، سەر لە نوی سازمان دەدرێتەوە. کومیتەکانی ناوچەکان و مەنتەقەکان جیگای خۆیان دەدەن بە کومەلێك کومیتەی حیزبی کە کاری تایبەتیان هیدایەتی سیاسی واحیدەکانی پێشمەرگەیە. ئەو تەسویرە سوننەتی‌یە نامینی کە ئەم کومیتانەی وەك کومیتەی محەللی و حیزبی و بەرێوەبەری تەشکیلاتی شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرچاو دەسخت. ئەم کومیتانە ئەگەر لە رابوردوودا لەو زەرفییەتە نزیك بوون ئێستا بە شێوەی واقیعی لێی دوور کەوتوونەتەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا زەرفییەت و توانایی‌یەکانی هاوری‌یانی ناسراوی نیو جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان، کە لەبەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی عەلەنی‌دا و لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا فەعالییەت دەکەن، بۆ بەرێوە چوونی دەور و نەقشیان لە نیو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا، لە داهاتووش دا، بە وەسیلەی ئورگانەکانی تەبلیغی سەراسەری وەیا بە پەیوەند و تەماسی هێزی پێشمەرگە لەگەل خەڵك، بەهەر دەرەجەیەك کە مومکین بی، دەخرێتە کار. لەم بابەتەوە تەوزیحاتی زیاتر دواتر بلاو دەکرێتەوە.

**پرسیاری هەشتەم: ئەو شتەی هەتا ئێستا تەوزیحتان دا عومدەتەن مەربووتە بە تەسمیمات و جیهەت گیری‌یەکانی حیزب لە کوردستان. پێتان وایە لەم حەرەکەتە بەرینەدا کرێکارانی سوسیالیست چ نەقش و جیگا و شوێنێکیان هەیە؟**

شك لەوەدا نیە کە باسەکانی کونگرەی شەشەم و تەئکیداتی ئیستامان لەسەر زەروورەتی دەست و بردکردنی و سورعەتی عەمەل لەوەدا کە کۆمەڵە بە تەواوی ببیتە سازمانی رێکخەری کرێکارانی سوسیالیست، ببیتە وەسیلەی تەبیعی خەباتی کرێکاران، شور و شەوقیکی یەکجار زۆری لە نیو کرێکارانی پێشڕەودا لە کوردستان پێك هێناوە و پێکی دینی. بەڵام ئەوە کافی نیە. بەسەرەنجام گەیاندنی ئەم تحول و ئاڵ و گۆرە پێویستی بە دەخالەتی جیددی و پەیگیرانەی هەموو ئەو هاوری کرێکارانە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست بە هی خۆیان دەزانن.

پێشتر وتوومانە کرێکارانی سوسیالیست و شۆرشگێر لە کوردستان، چ رابیتەی رەسمی و تەشکیلاتی یان لەگەل کۆمەڵە هەبی و چ نەیان بی، ئەندامی واقیعی حیزبی کۆمۆنیست، ئەندامی واقیعی حیزبی کرێکارانن، لەم حیزبە فیر دەبن و درەسی لی وەردەگرن، وە بە حەرەکەت و فەعالییەتی خۆیان هێز و قودرەتی پی دەبەخشن. کۆمەڵە باسی وەزایفی خۆی کردوە لە حاست بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و بو شکل پێدانی حیزبێکی کۆمۆنیست و کرێکاری. کۆمەڵە باسی ئەم وەزایفەی کردوە بەڵام بە نەتیجە گەیاندنی ئەم رەوتە، پێویستی بە حەرەکەتێکە لە هەرتك لاوە.

ئەم سیاسەتانە لە سوورەتێك دا دەبنە هێزی ماددی بۆ تەقویەتی بزووتنەوەی تەبەقاتی کە فەراخوانەکان و بانگەوازەکانی کۆمەڵە لە لایەن کرێکارانی پێشڕەو و سوسیالیستەوە وەڵامی شایستەی خۆیانیان پی بدرێتەوە. ئینتیزاری ئێمە ئەوەیە کە ئەم هاوری‌یانە سیاسەتە موشەخەسەکانی حیزب لەم دەورەیەدا بە دیقەت تەعقیب بکەن و بە هەول و تێکۆشانی یەکگرتوانەی خۆیان ئەم سیاسەتانە لە ژیان و خەباتی واقیعی کرێکاران گری بدەن. ئێمە دەمانەوەی ئەم هاوری‌یانە پەیگیر و جیددی بن نیسبەت بە بردنەسەر و ئیرتقای تەجرەبە و کارایی‌یەکانی عەمەلی خۆیان لە دلی خەبات بۆ یەکگرتوو کردنی کرێکاراندا، نیسبەت بە بردنە سەر و ئیرتقای دەرك و ئاگاهی خۆیان و ناسینی ئامانجەکانی رزگاریبەخشی کۆمۆنیستی، وە لە یەك کەلام دا نیسبەت بە ئەمری تەقویەتی حیزبی خۆیان و دەخالەت کردن لە دیاری کردنی رەوتی حەرەکەتی داهاتووی ئەو حیزبەدا. نیسبەت بە هەموو ئەمانە پەیگیر و جیددی بن و حەرەکەتی کۆمەڵە لەم زەمینەیەدا بکەن بە ئومید و شۆر و شەوقی موبارزاتی لە نیو دلی کۆمەلانی کرێکاردا.


**پرسیاری نوهەم: هاوری برایم! ئاسوی داهاتووی بەرەوپێش چوونی ئەم جهەت گیری و سیاسەتانە چون دەبینی؟ ئایا بەوە خۆشبینی کە ئاڵ و گۆریکی جیددی و ئەساسی پێك دی؟**

بەڵی! من بە تەواوی بە بەرەوپێش چوونی ئەم جەرەیانە لە حیزبی کۆمۆنیست و لە تەشکیلاتی کوردستاندا خۆشبین و ئومیدەوارم. ئەم خۆشبینی‌یەش ئێرادەگەرایانە نیە. بەڵکوو بناغەی ماددی قەوی هەیە بۆ ئەم خۆشبینی‌یە. کرێکاران لە کوردستان ئەکسەرییەتی جامیعە پێك دینن، کۆمۆنیزم بە وەسیلەی کۆمەڵە لە نیویان دا رەواجی پەیدا کردوە و تەیفیکی بەرین لە کرێکارانی سوسیالیست بە وجوود هاتوون کە کۆمەڵە بە تەشکیلاتی سیاسی خۆیان دەزانن و تەقویەتی دەکەن. سیاسەتە عموومی‌یەکانی ئێمە لە زۆربەی زەمینەکاندا روشنن و لەو جیگایانەش کە هەندیك ناروشنی هەبی، هەوڵ و تێکۆشانێکی سەمیمانە بۆ روشنکردنەوە و وەڵام پێدانەوەیان روو بە داهاتوو، لە جەریاندایە. هێزی ئینسانی مەوجوود لە تەشکیلاتی عەلەنی و لە ئورگانە مەرکەزی‌یەکاندا ئامادەگی و دلگەرمی موبارزاتی خۆیان بۆ حەرەکەت لەم رێگایەدا، لە کردەوەی رۆژانەیان دا نیشان دەدەن. ئیقداماتێك کە بوحران دیاری کردوون هەموویان واقیع بینانە و عەمەلین. لیرەدا ئەگەر قسەیەك هەیە لەسەر سورعەتی عەمەل و هەولدانە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتانە لە کورت ترین زەمانی مومکین دا. دیارە ئەو مەسەلەیەش بە عەمەلی کردنی تعهدات و تێکۆشانی هاوبەش لە لایەن ژمارەیەکی هەرچی زیاترەوە بەستراوەتەوە.

***

> **ئەگەر دەمانەوەی ئەو هێزە بە هەموو قودرەتی خۆیەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەم جامیعەیە دا دەخالەت بکا، وە حیزبی خۆشی بە تەواوی بە دەستەوە بگری، دەبی بە شێوەی رێکخراو بێتە مەیدان. بۆ تەبیدیل کردنی کۆمۆنیزم بە جەرەیانی متشکل و ریکخراوی کرێکاری لە کوردستان بۆ شکل پێدانی کۆمۆنیزمیکی کارگەری قودرەتمەند نابی هیچ فورستێك لە دەست بدەین. دەبی دەس بە جێ، بە خیرایی و بە وەگەرخستنی هەموو ئیمکاناتێك دەست بەکار بین.**

# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حزیبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام کشاورز



رۆژی شەممە ٤ی خەرمانان هاوری غلام کشاورز (بهمن جوادی) سیمای ناسراوی بزووتنەوی کۆمۆنیستی ئێران کە بۆ دیتنی خانوادەی چوو بووە قبرس، لە شاری لارناکا، بە دەست بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ترۆر کرا و بە داخەوە چەند سەعات دواتر لە بیمارستان گیانی بەخت کرد. لەم رووداوە دا یەکیك لە خزمەکانیشی بریندار بوو.

هاوری غلام شۆرشگێری لە مێژینە و سیمای ناسراوی موقاوەمەت و راوەستان لە زیندانەکانی رژیمی شا، یەکیك لە هەوەل ئەندامانی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست"، یەکیك لە بەشدار بووانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادریکی لیهاتووی ئەم حیزبە بوو کە لە دەورەی هەڵسووڕانی لە ریزی حیزبی کۆمۆنیست دا ئەرك و مەسئوولیەتی جۆراوجۆری لەسەر شان بوو کە یەکیان ئەندامەتی دەورەی دووهەمی کومیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە چەند سالی رابوردوودا هاوری غلام زیاتر لە مەیدانی کاری دەرەوەی وڵات دا هەڵدەسوورا. ئاخر مەیدانی فەعالییەتی هاوری غلام ئەندامەتی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە سیاسییە ئێرانی‌یەکان و هەول دان بۆ پێك هێنانی ئەم فدراسیونە بوو. هاوری غلام بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی لە دژی سەرمایەداری و لە پێناو رزگار کردنی چینی کرێکاردا بە گەرم و گۆری و پەیگیری‌یەوە تێکۆشا و هەر لەو رێگایەش دا گیانی بەخت کرد.

جمهووری ئیسلامی بەم جینایەتە لاپەرەیەکی‌تری لە کارنامەی سەرتاپی رەش و سەرشوورانەی زیاد کرد. بەڵام بەم جۆرە کردەوە جینایەتکارانەیە ناتوانی بەری خەباتێك بگری کە هاوری غلام هەڵسووراویکی پەیگیری بوو. خەباتی ئێمە گوشەیەکی بزووتنەوەی گەورە و بەرینی کرێکاری‌یە لە دژی نەفسی وجوودی نیزامی سەرمایەداری و ئاوینەی بالانوینی درندەیی ئەم نیزامە یانی جمهووری ئیسلامی و تا رووخاندنی ئەم نیزامە بەسەر سەری پێك هێنەرانی دا و تا دامەزراندنی کۆمەڵی ئازاد و بەرابەری ئینسانەکان، ئەو خەباتە بی پشوودان درێژەی دەبی. ئێمە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری غلام کشاورز لە خانەوادەی و لە هەموو هاوسەنگەرانی سەرە خۆشی دەکەین و دلنیاین کە خەمی لە دەست دانی هاوری غلام نەفرەت و بیزاری لە جمهووری ئیسلامی زیاتر و ئیرادەی ئێمە بۆ خەبات لە دژی ئەم نیزامە پتەوتر دەکا.

بروخی جمهووری ئیسلامی

بژی یادی هاوری غلام کشاورز

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٥ی خەرمانانی ١٣٦٨


***

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٢ | خەرمانانی _١٣٦٨ | سپتامبر _ ١٩٨٩

پێشڕەو

# ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆر گرانەوە سەعات ٢ی بەیانی رۆژی ١٣ی شەهریوەر دلی هاوری و رابەری خۆشەویست هاوری سدیق کمانگر بە حەملەی جینایەتکارانەی خائینیکی بەکریگیراوی جمهووری ئیسلامی لە لیدان کەوت. هاوری سدیق کمانگر لە کاتیکدا کەوتە بەر ئەو جینایەتە و گیانی بەخت کرد کە چەند لەحزەیەك بوو کاری نووسینی وتاری بۆ دەنگی شۆرشی ئێران تەواو کردبوو، وە لە ئوتاقی کارەکەی هاتبووە دەر.



هاوری سدیق کمانگر شەخسییەتی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران، سیمایەکی خۆشەویست و رابەریکی خاوەن نفووزی ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان، لە بناغەدانەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو.

ئەو لە یەکەم دەستەی ئەو تێکۆشەرانە بوو کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەریزی تێکۆشانی کۆمۆنیستی کۆمەڵە پەیوەس بوو. ئەم ٢٠ ساڵە لە تێکۆشانی بی وچانی هاوری سدیق پرە لە ئیستقامەت و کولنەدانی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی، پرە لە بەجێ هێنانی دەور و نەقشی بەرجەستە لە فەعالییەتی تەشکیلاتی دا و لە تەکامول و گەشە پێدان و پتەوکردنی فکری و سیاسی و عەمەلی کۆمەڵەدا.

لەسەرەتای خەباتی جەماوەری ساڵی ٥٧ەوە هاوری سدیق کمانگر هاوکات لەگەل فەعالییەتی نهینی تەشکیلاتی نەقشیکی گرینگیشی لە فەعالییەتی عەلەنی و شۆرشگێرانەدا بە عودە گرت، کە دەسبەجێ کردی بە سیمایەکی خۆشەویست و رابەریکی بە توانای بزووتنەوەی جەماوەری لە دژی رژیمی شا.

هاوری سدیق وەك حقووقدان و وەکیلیکی تێکۆشەر جێگای رەهبەرییەکی شۆرشگێرانەی بەرانبەر بە ئیرتجاع و کونەپەرستی کە تێدەکوشا جیگە پییەك لە جنووبی کوردستان پەیدا بکا پر کردوە. بانگەوازەکانی هاوری سدیق لە لایەن جەماوەری شۆرشگێرەوە جوابی وەر دەگرتەوە و فەعالییەتی بیوچانی بوو بە هۆی کوکردنەوەی جەناحی رادیکال و جەماوەری شۆرشگێری ئەو بزووتنەوەیە لە بەرانبەر ئیرتجاع و کونەپەرستییەکدا کە دەیەویست سەمەری خوێن و خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکا بە پاشکوی ئیرتجاعی مەزهەبی لە تاران. هاوری سدیق کە پێش قیام و لە رۆژەکانی قیام دا پێشەنگی نەسرەوتووی خەبات و شۆرشی کۆمەلانی خەڵك بوو، بەرێوەبەری ئەو خەباتەی لە دژی جمهووری ئیسلامی بە عودەگرت و لە شەری نەوروزی شاری سنەدا لە سەدری شوورای ئینقلابی ئەو شارەدا راپەرینی قارەمانانەی خەڵکی شۆرشگێر و ئازادیخوازی سنەی لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رابەری کرد. نەقشی لیبراو و سازش ناپەزیری هاوری سدیق لەم دەورەیەدا لە کوردستان، ئەوی کرد بە شەخسییەتێکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە سەراسەری ئێراندا.

بەڵام نەقشی هاوری سدیق تەنیا لەمانەدا نەمایەوە بەڵکوو بوو بە رابەریکی هەمەلایەنە و بە ئاسانی توانی وەك رابەر و رێکخەری مانگرتن و تەحەسونی یەك مانگەی شاری سنە، وەك ئاژیتاتورێکی جەماوەری و وەك بەریوەبەریکی لیهاتووی شەری شۆرشگێرانەش بێتە مەیدان.

بزووتنەوەیەکی جەماوەری و شۆرشگێرانە کە هاوری سدیق یەکیك لە بنیادنەرانی بوو، بوو بە پایەی موقاوەمەت و راوەستانێکی جانانە و شۆرشگێرانە کە لە شاری سنە و سەراسەری کوردستانی گرتە بەر، وە ئێستاش زیاتر لە ١٠ ساڵە وەك قەلای پولا راوەستاوە و هەروا چقلی چاوی جمهووری ئیسلامی و سەنگەرێکی پایەداری خەباتی چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی ئێرانە.

هاوری سدیق کمانگر کە هەر لە سەرەتای تێکۆشانی سیاسییەوە خۆی بە خەباتکاری ئامانجی چینی کرێکار بۆ رزگاری لە چنگ بیعەدالەتی و نابەرابەری دونیای سەرمایەداری دزانی، ریبوارێکی لیبراوی رێگای پێك هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. لە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیست دا بە تەواوی توانای هەوڵی دەدا و هەر بەو بۆنەوە بوو بە ئەندامی کونگرەی دامەزرینەری حیزب و لەو کاتەوە تا ئاخر لەحزەی ژیانی لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست دا بوو.

هاوری سدیق کمانگر ساڵەها ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەش بوو وە لەو مەوقعییەتەدا لە کاری نووسینەوە هەتا کاروباری ئیجرایی و کۆمەلایەتی هەتا هێدایەتی خەباتی پێشمەرگانە هەتا نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات، لە هەموو مەیدانیکدا رادەی بەرزی لێهاتوویی و برشت و کارزانی خۆی نیشان داوە. زیاتر لە یەك ساڵ بوو هاوری سدیق بەریوە بردنی دەنگی شۆرشی ئێرانی لە عودە بوو. هاورییانی لە رادیو و کرێکاران و زحمەتکێشانیك کە هەموو رۆژیك لە سەراسەری کوردستان گوییان لە دەنگی ئەم رادیویە بووە دەبی قەزاوەت بکەن کە لەم دەورەیەدا جیهەتگیری کرێکاری لە تەبلیغاتی دەنگی شۆرشی ئێراندا_ کە هاوری سدیق تێیدا نەقشی ئەساسی بووە _ چەندە گەشەی کردوە.

بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئێران و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بە لە دەس دانی هاوری سدیق کمانگر زایعەیەکی گەورەی بە سەر هاتوە. بەڵام ریبازێك کە هاوری سدیق ریبواری سادق و شیلگیری بوو، ریبازی خەباتی کرێکاری بۆ هەڵتەکاندنی نەزم و نیزامی سەرمایەداری، ریبازی کۆمۆنیزم و شۆرشی کرێکاری، ئەمرۆ ئیتر لە دلی میلیونەها کرێکار و زحمەتکێشی کوردستاندا جێگای خۆی کردوەتەوە و لە کانوونی خەبات و ئیعتیرازی هەمە رۆژەیاندا بنجی داکوتاوە.

ئەو کرێکارانە کە هاوری سدیقیان وەك یاری دیرینەی خۆیان و وەك ئالاهەلگریکی رزگاری یەکجارییان لە مەینەتەکانی سەرمایەداری ناسیوە، ئەو ژن و پیاوە زەحمەتکێشانە کە دەنگی دلیری بانگەوازەکانی هاوری سدیقیان هەر لە گویدا دەزرینگیتەوە، ئەوبی بەشانە کە ساڵەهایە بو رزگاری لەم مەینەتبارییە هاتوونە مەیدان، هەموو ئەوانەی تینووی ئازادی و بەرابەرین، بێشك ئالای ئامانجەکانی هاوری سدیق بەرز و شەکاوە رادەگرن تا بە سەرئەنجامی سەرکەوتنی حکوومەتی کارگەری دەگەیەنن.

رژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامی ئەگەر دوای ١١ ساڵ عومری پر لە جینایەت هێشتا بۆ مانەوی خۆی لە پال کوشتار و ئیعدامی هەزاران کەس دا بە رەزیلانەترین شێوە دەس بوترۆر دەبا، ئەوە نە نیشانەی قودرەتی، بەڵکوو نیشانەی زەبوونی و نیشاندەری ئەوجی وەحشەتی ئەو لە رابەران و شەخسییەتە کۆمۆنیست و شۆرشگێرەکانە.

بێگومان کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێش و ئازادیخواز بە بیستنی هەوالی لە دەسدانی رەهبەریکی خۆشەویستی وەك هاوری سدیق کمانگر، توورەتر لە هەمیشە سیاسەتی ترۆری جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکەن، ئەوپەری نەفرەت و بیزاری خۆیانی لی دەردەبرن و لەو جینایەتانە خۆش نابن، هەتا بە درێژەدانی تەلاش و موبارەزەی هەمە لایەنەیان حکوومەتی جینایەتکاران نابودی دەکەن.

ئێمە گیان بەخت کردنی هاوری و رابەری خۆشەویست و ماندوویی نەناس هاوری سدیق کمانگر لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، لە هەموو زۆرلیکراوان و بیبەشان و لە هەموو ئەو کەسانەی بە بیستنی هەوالی شەهید بوونی دلییان کەیلی خەم و پەژارە دەبی، سەرەخۆشی دەکەین و یادی ئازیزی بە درێژەدانی رێگای هەتا گەیشتن بە ئامانجە پیروزەکانی ریز لی دەگرین.

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

بژی یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

١٣ی شەهریوەری ١٣٦٨

***

# گوزارشێك لە بەرێوەچوونی مەراسمی ئەسپەردە کردنی هاوری سدیق کمانگر

بەیانی رۆژی ١٤ی خەرمانان مەراسمێکی گەورە و شکودار بۆ بەدرەقەکردنی پەیکەری هاوری سدیق کمانگر، رابەری خۆشەویست لە سەر گلکوی ژمارەیەك لە هاورییانی گیان بەخت کردوو بەرپا کرا. لەو مەراسمەدا کە سەعات ١٠/٥ی بەیانی دەستی پێکرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاورییانی حیزبی و میوانان لە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی بەشدارییان کرد.

دوای ئەوەی تەرمی هاوری سدیق لە یەکیك لە مەقەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، لە سەر شانی هاورییانی گویزرایەوە سەر گلکوی گیان بەخت کردووان، مەراسم بە سروودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و بۆ ریزگرتن لە یادی هەموو ئەو ئینسانە تێکۆشەرانە کە لە ریبازی تێکۆشان بۆ ئازادی و سوسیالیزمدا گیانیان بەخت کردوە، دەقیقەیەك بیدەنگی راگەیەندرا.

پاشان هاوری ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر هەوەلی کۆمەڵە لە سوخەنرانییەکەی دا ویرای ریزگرتن لە یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر و سەرەخۆشی لە هاورییان و هاوسەنگەران و خانەوادەی ئەو ئازیزە، لە سەر دەور و نەقشی بەرجەستەی هاوری سدیق لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا قسەی کرد و سیاسەتی جینایەتکارانەی ترۆریزمی جمهووری ئیسلامی وەك هەول و تەقالایەکی بی حاسل بۆ پێش گرتن بەهەستان و راپەرینی جەماوەری باس لی کرد کە ناتوانی چارەنووسیك بگوری کە چاوەروانی ئەو رژیمە دەکا.

لە درێژەی مەراسمەکەدا ماموستا شیخ عزالدین حسینی، کاك حسن رستگار لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران_ ریبەرایەتی شۆرشگێرەوە، نوینەری سازمانی کارگەرانی ئینقلابی_ راە کارگر _، نوینەری ئیتحادیەی کۆمۆنیستەکانی ئێران _ سەربداران _ و نوینەری سازمانی چریکە فیدایی یەکان _ پەیرەوی بەرنامەی هویت _، بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر و مەحکووم کردنی سیاسەتی ترۆریزمی جمهووری ئیسلامی سوخەنرانییان کرد و پەیامیان خویندەوە.

لە کوتایی دا هاوری ئەختەر کمانگر هاوسەر و هاوسەنگەری هاوری سدیق سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لە مەراسمەکەدا بەشدارییان کردبوو و دلنیایی خۆی دەربری و کوتی کە ئالای ئامانجەکانی هاوری سدیق لە لایەن چینی کرێکار و لە لایەن هەزاران کۆمۆنیستی شۆرشگێرەوە بەرز رادەگیری.

پاش کوتایی پی هاتنی مەراسمەکە تەرمی ئازیزی هاوری سدیق لە نیو بەدرەقەی پرشکوو پر لە هەستی حازراندا بەرەوشاری "سلیمانیە" بەدرەقە کرا.

پاش نیوەروی ئەو رۆژە مەراسمیکی شکوداریتر بە بۆنەی ئەسپەردە کردنی پەیکەری هاوری سدیق لە سەر گلکوی ژمارەیەك لە گیان بەخت کردووانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شاری "سلیمانیە" بەرێوە چوو.

لەو مەراسمە شکودارەش دا پاش ئەوی تەرمی هاوری سدیق لە ٣٠٠ میتری گلکوی شەهیدانەوە لە سەر شانی هاورییانی بەدرەقەکراو لە شوێنی ئەسپەردە کرا.

مەراسم بە سروودی ئەنترناسیونال و راگرتنی دەقیقەیەك بیدەندی بۆ ریز گرتن لە یادی هەموو گیان بەخت کردووانی ریبازی ئازادی و سوسیالیزم، دەستی پێکرد و پاشان هاوری حسین مرادبیگی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ژیانی پر لە تێکۆشانی هاوری سدیق کمانگر سوخەنرانی کرد.

بە بۆنەی گیان بەخت کردنی هاوری سدیق کمانگر و هاوری غلام کشاوەرزەوە لە لایەن رێکخراوە سیاسی و شەخسییەتە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانییەوە ژمارەیەك پەیامی سەرەخۆشی گەیشتوەتە کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە. لە هەموو ئەم پەیامانەدا ویرای دەربرینی هاودەردی لەگەل کادر و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و سەرخۆشی لە خانەوادە و کەس و کاری ئەو ئازیزە گیان بەخت کردووانە، سیاسەتی ترۆریسی جمهووری ئیسلامی بە توندی مەحکووم کراوە.

ئەو پەیامانەی کە بەم بۆنەوە گەیشتونەتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بریتین لە:

پەیامی شیخ عزالدین حسینی

پەیامی کومیتەی ناوەندی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران (راە کارگەر)

پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ ریبەرایەتی شۆرشگێر

پەیامی ئیتحادیەی کۆمۆنیستەکانی ئێران _ سربداران

پەیامی کومیتەی ناوەندیی چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێران

پەیامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

پەیامی کومیتەی مەرکەزی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران _ پەیرەوی بەرنامەی هویت

پەیامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتی میللی و ئیسلامی کوردستانی ئێران

پەیامی کاك عبدالله فلاحی لە لایەن کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێرانەوە

پەیامی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ئێران

ئێمە بەم بۆنەوە سپاسی گەرم و گۆری هەموو ئەو هاودەردییانە دەکەین.

***

# گوزارشێك لە بەڕێوەچوونی چەند ئاكسیون بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام كشاورز

بە بۆنەی ترۆری هاوری غلام كشاورز بە دەست ترۆریستەكانی جمهووری ئیسلامی، چەند ئاكسیون لە وڵاتانی ئالمانی رۆژئاوا و سوئید و فەرانسە بەڕێو چوو. لەو ئاكسیونانەدا بێجگە لە ڕێكخراوە سیاسی‌یەكان، ژمارەیەك لە خەڵكی ئەو وڵاتانەش بەشدار بوون. لەم ژمارەیەی پێشڕەو دا كورتەی خەبەری دوو ئاكسیون چاپ دەكەین و لە ژمارەكانی داهاتوودا لە خەبەری باقی حەرەكەتە ئیعترازی‌یەكان ئاگادارتان دەكەین.

رۆژی ٣١ی ئووت بەرانبەر بە ٩ی خەرمانان لە سەر بانگەوازی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی دامەزرێنەری فدراسیونی شووڕای پەناهندە سیاسی‌یەكانی ئێران_ كە هاوری غلام مەسئوولی ئەم هەیئەتە بوو_ میتینگ و ڕاپەیمایی‌یەك لە شاری "ئەستهكلم" بەڕێوە چوو كە ٥٠٠ كەس ئێرانی و خەڵكی سوئید بەشداری‌یان تێدا كرد. چەندین سازمان و ڕێكخراوی سوئیدی وەك: حیزبی سوسیالیستی سوئید، فراكسیونی پارلمانی سوئید، كومیتەی پەناهەندەكانی سوئید، سەندیكالیستە شۆڕشگێڕەكان، وە بزووتنەوەی دژی راسیسم، لەو مەراسمەدا بەشدار بوون.

بەشدار بووان پاش تەواو بوونی میتینگەكە بەرەو وەزارەتی كار و باری دەرەوەی سوئید دەستیان دایە ڕاپەیمایی و بریارنامەی پەسندكراوی میتینگەكەیان دا بە مەسئوولینی ئەم وەزارەتخانەیە. لەم بریارنامەیەدا پەیگیری جیددی ناسین و بە سەزا گەیشتنی قاتلانی هاوری غلام، مەحكووم كردنی رەسمی سیاسەتی ترۆریستی جمهووری ئیسلامی، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی دیپلوماتیك لەگەل جمهووری ئیسلامی و تەحریمی ئابووری و بازرگانی جمهووری ئیسلامی، لە دەوڵەتی سوئید دا وا كرا بوو.

پاش نیوەڕوی رۆژی دواتر یەكی سپتامبر بەرانبەر بە ١٠ی خەرمانان، پتر لە ٢٠٠ كەس بوریزگرتن لە تەرمی ئازیزی هاوری غلام لە فروودگای شاری "ئەستهكلم" كۆبوونەوە و لە حالێكدا دەستە گول و عەكسی هاوری غلامیان بە دەستەو بوو، چەند سەعات چاوەڕوان بوون تا تەرمی هاوری غلام گەیشتە فروودگا.

بە پێی سیاسەتی دەوڵەتی سوئید بۆ بی دەنگە كردن لەو جینایەتەی جمهووری ئیسلامی، كاربەدەستانی فروودگا نەیاندەویست تەرمی هاوری غلام بدەنە دەست بەشداربووانی ئەم مەراسمە. بەڵام پی داگرتنی بەشداربووان لە سەر داخوازی وەرگرتنەوەی تەرمی هاوری غلام كاربەدەستانی تەسلیم كرد و تەرمی هاوری غلام تەحویلی ئەوان درا.

مەراسمی ریزگرتن بەسروودی ئەنترناسیونال دەستی پێكرد و پاشان هاوری مهوش چرمچی هاوسەری هاوری غلام قسەی بۆ حازران كرد و لە قسەكانی دا داوای لە دەوڵەتی سوئید كرد بە بۆنەی ترۆری هاوری غلامەوە رەسمەن جمهووری ئیسلامی مەحكووم بكا و خانەوادەی هاوری غلام كە لە قبرس لە وەزعیكی خراپ و نالەباردان، وەك پەناهندەی سیاسی وڵاتی سوئید وەرگری.

پاشان بەشدار بووانی مەراسم پەیكەری هاوری غلامیان لە ئالای سوورەوە پیچا و بە گول رازاندیانەوە و مەراسمی ریزگرتن لە تەرمی هاوری غلام بە كوتنەوەی دووبارەی سروودی ئەنترناسیونال و شیعاری "مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی" كوتایی پی هات و دوای ئەوە ژمارەیەك لە یارانی هاوری غلام تەرمی ئەو ئازیزەیان تا ساردخانەی شاری "ئەستهكلم" بەدرەقە كرد.

***

# هاورییانی كرێكار! حیزبی خۆتان فەتح كەن

## دەقی قسەكانی هاوری سدیق كمانگر لە مەراسمی شەشەمینساڵرۆژی پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران دا

هاوری‌یان، میوانە خۆشەویستەكان!

بەر لە هەموو شتێك ئیجازەم پی بدەن لە لایەن خۆم و هاوری‌یانی كومیتەی ناوەندی‌یەوە بەخێر هاتنتان بكەم و لەم رۆژە تاریخی‌یەدا، یانی لە ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جاریكی‌تر یادیك بكەین لەو كرێكارە كۆمۆنیست و پێشڕەوانە كە لە مەیدانەكانی خەبات و موبارەزەی چینایەتی دا قارەمانانە موبارەزەیان كرد و لە ڕێگای گەیشتن بە هیوا و ئامانجە تەبەقاتی‌یەكانیاندا گیانیان فیدا كرد. هەروەها یادی ئەو هاوری و هاوسەنگەرە قارەمان و فیداكارانەمان كە لە ریزی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا بۆ هەموار كردنی ڕێگای موبارەزەی چینی كرێكار و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەكانی ئەم چینە كۆمەڵایەتی‌یە گیانبازی‌یان كرد و گیان و ژیان و هەموو شتێكیان لەم ڕێگایەدا لە دەس دا ریز لی بگرین، وە لە بەرانبەر عەزم و ئیرادەی كۆمۆنیستانەی ئەو تێكۆشەرە كۆمۆنیستانەوە كە بە خەبات و موبارەزەی بی وچان و كولنەدەرانەی خۆیان لە كارخانە و كارگا و شار و دێهاتی سەراسەری ئێران و لە مەیدانەكانی شەری شۆرشگێرانەی كوردستاندا پەرچەمی سووری كۆمۆنیزمی كارگەری‌یان بەسەر بەرزی‌یەوە بەرز كردوەتەوە سەر دانەوینین.

هاوری‌یان!

ئێمە لە شەرایەتێكدا پی دەنیینە حەوتەمین ساڵی ژیانی پر لە شانازی حیزبەكەمان كە چینی كرێكار، یانی ئەو كەسانەی خاوەن و ساحیبی ئەسلی ئەم حیزبەن، لە شەرایتێكی سەخت و مەشەقەتباردا ژیان دەبەنەسەر. یەك ساڵ و وردەیەك دوای تەواو بوونی شەر و دە ساڵ و چەند مانگ دوای قیامی جەماوەری و تێوودەیی ساڵی ٥٧، ئیتر موسیبەت و رەنج و كویرەوەری لە ژیان و گوزەرانی ئەم چینە گەورە كۆمەڵایەتی‌یەدا بووەتە شتێكی ئاسایی و تەبیعی.

لە دە ساڵی رابوردوودا چینی كرێكار لە ئێران ئەوەندە رەنج و موسیبەتی غەیرە قابیلی تسوری تەحەموول كردوە كە نە تەنیا لە ناو خۆی ئێراندا سەرمایەداران و خاوەن دەسەڵات و قودرەتەكان ناتوانن حاشای لی بكەن بەڵكوو لە سەتحی دونیاشدا دەنگی داوەتەوە و دونیای دەرەوە هەر چەند بە شێوەیەكی كەم و مەحدوود لە ئەبعادی وەحشەتناكی ئەم رەنج و موسیبەتە ئاگادار بووە. ئیتر بەشێكی گەورە و عەزیم لە جەمعییەتی ئەم وڵاتە تەنیا وەسیلەیەك كە بۆ ئیدامەی ژیانیان شكی دەبەن فرۆشی هێزو و نیرووی كاریانە. ئیتر ئەم تەبەقە گەورە ئیجتماعی‌یە، تەبەقەی كارگەر، لە تەواوی عەرسەكانی ژیانیدا رەنج و مەشەقەت و كویرەوەری‌یەكانی جامیعەی سەرمایەداری ئیحساس دەكا. بوحرانی سەرمایەداری بەشێكی هەرەزوری كرێكاران بێكار كردوە و هەژارانەترین سەتحی ژیان و گوزەرانی پێیان تەحەمول كردوە. ئیمرۆ ئیتر لە سایەی ئەم وزعییەتە فەلاكەتبارەوە كە نیزامی سەرمایەداری بە سەر چینی كرێكاری هێناوە موهیمترین و ئەسلی ترین مەسەلە بۆ كرێكاران تەئمینی گوزەرانی رۆژانە و پەیدا كردنی تێكە نانیكە كە ژیانی هەژارانە و مەمرە و مەژی خۆیان و مندالەكانیانی پی تەئمین بكەن. ئەم وەزعە فەلاكەتبارە كە نیزامی سەرمایەداری لە وڵاتێكی وەك ئێران دا بەسەر چینی كرێكاری دا سەپاندوە، نە تەنیا سەتحی تەوەقوع و ژیانیانی هێناوەتە خوارەوە، بەڵكوو لە عەرسەی موبارەزەش دا زۆرترین زەرەری داوە لە ئیتحاد و هەمبەستەگی تەبەقاتی و چینایەتی‌یان. وەزعییەتی فەلاكەتباری ئیقتسادی رەقابەتی لە ناو ریزی كرێكاراندا زیاتر كردوە. زۆر جار دیومانە و بیستوومانە كە چلون سەرمایەدار و خاوەن كارەكان لە و ئیحتیاجی كرێكارەكان سو ئیستفادەیان كردوە و لە لایەكەوە بە قەول و وەعدە و وەعید و لە لایەكی ترەوە بە هەرەشە و تەهدید كردنیان بە ئیخراج و بێكاری بەریان بە یەكیەتی و ئیتحادیان گرتوە و بریك جاریش لە بەرانبەر هاوچینەكانیاندا قەراریان داون. هەر بەم بۆنەوە لە حالی حازردا نە تەنیا تەبەقەی كارگەر لە لەحاز تەشەكولە سنفی‌یەكانیانەوە زەعیفە و لەم لەحازەوە لە مەراحلی ئیبتدایی و زەعیفدایە، بەڵكوو ئینحلال و هەلپیچانی تەشەكولە كرێكاری‌یەكان، ٨ ساڵ شەر و فەلاكەتێك كە ئەم شەرە بە چینی كرێكاری تەحمیل كردوە، ئیخراج و بێكار سازی و هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر سەتحی مەعیشەت و گوزەرانی كرێكاران، مەوقعییەتی ئەم تەبەقەیەی وەكوو تەبەقەیەكی ئیجتیماعی چ بە لەحازی ژیانەوە و چ بە لەحازی نەقش و مەوقعییەتی لە سەحنەی سیاسی‌دا زەعیف تر كردوە و بردوویەتە دواوە. ئەلبەتە وەختێك لەم زەعف و بەرەو دوا چوونە قسە دەكەین، مەنزوورمان موقایسەی مەوقعییەتی سیاسی ی ئەم تەبەقەیە لەگەل ئەو مەوقعییەتە سیاسی‌یەیە كە لە دەورەی ئینقلابی ٥٧دا بە دەستی هێناوە. ئەمە روشنە كە بانی و با عیسی ئەسلی تەواوی ئەم رەنج و مەینەت و فەلاكەتە كە ئیمرۆ كرێكاری ئێرانی رەنجی لی دەبا، جمهووری ئیسلامی‌یە. ئەمەش روشنە كە جمهووری ئیسلامی بە بی ئەوەی وەها شەرایتیك بەسەر تەبەقەی كارگەر و خەڵكی مەحروومی ئەم وڵاتە تەحمیل بكا هەرگیز نەی دەتوانی وەكوو دەوڵەتێكی بورژوایی بە نیازەكانی سەرمایەداران و دەوڵەتە ئیمپریالیستەكان جواب بداتەوە و ئینقلابی ٥٧، یانی ئینقلابێك كە خەرێك بوو شیرازەی تەواوی كارەكان لە دەستیان خارج بكا، سەركوت بكا. ئەو ئینقلابە گەورە و عەزیمە كولەكەی ئەسلی وە گەورە ترین هێز و نیرووی ئیجتماعی كە لەسەر هەڵدانیدا نەقشی بوو، تەبەقەی كارگەر بوو.

بەڵام وەختێك كە لە مەوقعییەتی تەبەقەی كارگەری ئێران قسە دەكەین ئەگەر ئەو پێشرەوی‌یانە كە ئەم تەبەقەیە وەك تەبەقەیەكی ئیجتماعی زیندوو و رەزمەندە سەرفی‌نەزەر لە تەواوی فەقر و فەلاكەت و مەوقعییەتی نالەباری ئیقتسادی و سیاسی كە تێیدا بووە بە دەستی هێناوە لەبەر چاو نەگرین بی شك ناتوانین موددەعی بین كە لیكدانەوەیەكی دروست و هەمە لایەنەمان لە مەوقعییەتی ئەم تەبەقەیە كردوە.

تەبەقەی كارگەری ئێران سەرەرای تەواوی ئەو رەنج و مەینەتە كە لەم دە ساڵەی دوای ئینقلابی ٥٧دا كیشاویە، سەرەرای ئەو گشتە سەختی و مەرارەتە كە لەم دە ساڵەدا تەحەمولی كردوە، سەرەرای ئەو گشتە بێكاری و فەلاكەت و هەژاری‌یە كە بە سەریدا تەحمیل بووە، سەرەرای ئەوەی كە دە ساڵی تەواو لە ژیر خەفەقان و سەركوتی جمهووری ئیسلامی‌دا هێزی لەش و گیانی لە بەرانبەر كری و حەقدەستێكی كەم و لە ژیر مەنگەنەی چەرخی سەرمایەداری ئێراندا تواوەتەوە، نە تەنیا توانیویەتی وشیاری تەبەقاتی خۆی بەریتە سەر بەڵكوو زۆر دەسكەوتی زیاتری لە موبارەزەی تەبەقاتی خۆیدا بە دەست هێناوە.

ئیمرۆ ئیتر تەبەقەی كارگەر لە ئێران تا حدوودێكی زۆر بە قودرەتی تەبەقاتی خۆی پەی بردوە، وە دەزانی خاوەن و بەرهەم هێنەری ئەسلی تەواوی ئەو سەروەت و سامانەیە كە لە جامیعەی سەرمایەداری ئێراندا لە دەست تاقمیك چەوسێنەر و خاوەن دەسەڵاتدا كۆبووەتەوە، دەزانی كە ئەگەر ئیرادە بكا و یەكگرتووانە بێتە مەیدان لە یەك لەحزەدا لە سەراسەری جامیعەدا چەرخی تەولید لە كار دەكەوی و سەرمایەی خاوەن سەرمایەكان بی ئەرزش و بی مەسرەف دادەكەوی.

ئیمرۆ ئیتر كرێكاری ئێرانی بە چاوی خۆی ئەم واقعییەتە دەبینی كە ترس لە ئەو و تەبەقەكەی، ترس لە هاتنە مەیدانی یەكگرتوانەی ئەم هێزە گەورە ئیجتماعی‌یە خۆی لە چاوی سەرمایەداران و حكوومەت و ئەرتەش و پاسدار و پولیس و هەموو هێز و دام و دەزگا سەركوتگەرەكانیاندا وشك كردوە و شەو و رۆژ خەرێكی نەقشەكیشان و تەرح و تەوتئەن تا بە هەر چەشنیك بۆیان بكری رۆژی هاتنە مەیدانی ئەم هێزە گەورە كۆمەڵایەتی‌یە بخەنە دواوە. ئیمرۆ ئیتر تەبەقەی كارگەر لە ئێران بەم حەقیقەتە پەی بردوە كە تەنیا ڕێگەی نەجاتی ئەو و هەموو ئەو كەسانە كە لە ژیر زولم و زۆر و فشاری جامیعەی سەرمایەداری‌دا پشتیان چەماوەتەوە، لەبەین چوون و تێك رووخانی نیزامی سەرمایەداری و دامەزرانی جامیعەیەكی سوسیالیستی‌یە.

ئیمرۆ ئیتر كرێكاری ئێرانی بەم حەقیقەتە پەی بردوە كە تەنیا كۆمۆنیزم و ئینقلابی كۆمۆنیستی دەتوانی ئەم بوحرانە قوولە كۆمەڵایەتی و ئیقتسادی‌یە كە سەراپای جامیعەی ئێرانی داگرتوە لە بەین بەری. ئیمرۆ ئیتر سوسیالیزم و كۆمۆنیزم دوو وشەی ناسراو و ئاشنان و لە ناو تەبەقەی كارگەری ئێراندا جێگای خۆی كردوەتەوە.

ئەمانە ئەو پێشرەوی‌یانەن كە تەبەقەی كارگەری ئێران سەرەرای ئەو هەموو زولم و ستەمە كە لێی دەكری و سەرەرای فەقر و فەلاكەتێك كە بەسەریدا تەحمیل كراوە، لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ئەخیردا پێی گەیشتوە.

بێجگە لەمانە، لەم دە ساڵەدا چینی كرێكاری ئێران هەمیشە و دایم شاهیدی ئەوە بووە كە دوژمنەكانی لە ناو خۆیاندا تووشی بوحران و ئاشوفتەگی و ناتەوانی بوون و هەر ئەمە مانعی ئەوە بووە كە خەفەقان و ترس و وەحشەتێك كە تەبەقەی سەرمایەداری ئێران و حكوومەتە ئیسلامی‌یەكەی لە جامیعەی ئێراندا خستوویانەتە سەر ڕێگای، وە كوششیان كردوە بە زۆری سەرنیزە و قودرەتی دام و دەزگا سەركوتگەرەكانیان تەبەقەی كارگەر چاو ترسین بكەن، نەتوانی چاوترسینی بكا و لە هەر كوی و بەهەر ئەندازە كە بۆی كرابی لە بەرانبەریاندا وەستاوە و بە موبارەزەی سەرسەختانەی خۆی مانعی ئەوە بووە كە دوژمنە تەبەقاتی‌یەكانی شەویكیش خۆی راحەت بكەن.

هەڵبەت پێشرەوی‌یەكانی جونبشی كرێكاری لە سەتحی دونیاشدا لەو فاكتورانەن كە راستەوخۆ تەئسیریان بووە و تەئسیریان هەیە لەسەر وشیارتر بوون و ئامادە تر بوونی تەبەقەی كارگەری ئێران لە عەرسەی موبارەزەی تەبەقاتی‌دا لە بەرانبەر سەرمایەداران و حكوومەتە ئیسلامی‌یەكەیاندا.

كرێكارانی ئێران ئێستا ئیتر ٦ ساڵە كە بوونەتە خاوەنی حیزبێكی كۆمۆنیست. تەشكیلی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران كە ٦ ساڵ لەوەپێش لەوەها رۆژێك دا ئیعلام كرا، موژدەیەك بوو بۆ كرێكاری ئێران كە ئیتر لەمە بەولاوە ئەوستادە ئینقلابی‌یە كە دەتوانی و دەبی ئینقلابی ئیجتماعی سوسیالیستی تەبەقەی كارگەر سازمان بدا و متحققی بكا، بە وجوود هاتوە. بۆیە دەڵێین بە وجوود هاتن و تەشكیلی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران دەسكەوتێك بوو بۆ چینی كرێكاری ئێران. بە تەشكیلی ئەم حیزبە كە خۆی حاسل و بەرهەمی گەشە كردن و عەمیق بوونەوەی موبارەزەی تەبەقاتی كرێكاران و قودرەت نمایی ئەم تەبەقە ئیجتماعی‌یە لە جەریانی ئینقلابی ٥٧ و سەرهەڵدانی ماركسیزمی رادیكال و ئینقلابی لە ئێراندا بوو، ئیتر چینی كرێكاری ئێران بوو بە خاوەنی حیزبیك كە لە روونكردنەوەی ئاسوی سوسیالیزمی كرێكاری و پێك هێنانی سەفی مستقیمی كرێكارانی سوسیالیست لە ناو جونبشی كرێكاری ئێراندا. لە كوردستانیش ئیمرۆ ئەم حیزبە نە تەنیا بووەتە جێگای هیوا و هومیدی ژنان و پیاوانی كرێكار و لە ناو دلیاندا جێگای كردوەتەوە، بەڵكوو ئیمرۆ ئیتر لە هەر گوشەیەكی كوردستاندا، لە كارخانە و كارگا و شیركەت و كوورەخانە و مەزرادا موبارەزەیەكی كرێكاری بكەویتە ری بێگومان ئەم خەبات و موبارەزەیەی كرێكاران بە ناوی كۆمەڵەوە گریی خواردوە و كرێكارانی كۆمۆنیست و تێكۆشەر، حیزبی كۆمۆنیست و سازمانی كوردستانەكەی بە حیزبی خۆیان دەزانن، خۆشیان دەوی و وەك گلینەی چاویان دەی پاریزی.

بەڵی! پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیست لە وەها رۆژێك دا هەنگاویكی گەورە بوو بۆ بەسەركەوتن گەیاندنی موبارەزەی ئیجتماعی تەبەقەی كارگەر لە ئێران. بەڵام ئیمرۆ دوای تێپەر بوونی ٦ ساڵ لە عومری حیزبی كۆمۆنیست لە سەرەتای ٧ ساڵەیی ئەم حیزبەدا، وەختێك تەماشای دەسكەوتەكانی ئەم ٦ ساڵەمان دەكەین، ئەو حەقیقەتە دەبینین كە هەرچەند لەم ٦ ساڵەدا حیزبی ئێمە لە عەرسە جۆراوجۆرەكانی موبارەزەدا لە كارخانە و كارگا و كوورەخانەكانەوە بگرە هەتا مەیدانی شەری پێشمەرگانە شاهیدی گەورەترین حەماسە و قارەمانەتی فەعالین و ئەندامان و كادرەكانی بووە لە ڕێگای سازمان دان رەهبەری كردنی موبارەزەی چینایەتی تەبەقەی كارگەردا، وە بەم ئیعتبارە دەبی ئەم حیزبە وەك دەسكەوتێكی چینی كرێكار بپاریزین، ناتوانین بەم میزانە لە پێشرەوی و چوونە بەرەوە رازی بین چونكوو حیزبی كۆمۆنیستی ئێران سەرەرای هەموو پێشرەوی‌یەكان و حەماسە خوڵقینی كادر و ئەندامانی هیشتا نەی توانیوە ئەو مەكانە ئیجتماعی‌یە كە وەك حیزبێكی تەواوەن كرێكاری دەبی بیبی وەدەستی بینی، هیشتا نەیتوانیوە بە تەواوی ببیتە حیزبێك كە كرێكارانی سوسیالیست و هەموو رەهبەرانی كرێكاری لە خۆیدا كۆبكاتەوە، هیشتا نەیتوانیوە بە تەواوی ببیتە حیزبی ئیعتیرازی ئیجتماعی كرێكاران. هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە، یانی تەبدیل كردنی كۆمۆنیزم و حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بە جەرەیانیێ:كی كارگەری. ئەمە ئەو وەزیفە گەورەیەیە كە ئیمرۆ لە سەر شانی ئێمە و تەواوی كرێكارانی كۆمۆنیست و فەعالینی كۆمۆنیستی ناو جونبشی كرێكاری‌یە. تەنیا بە ئەنجام دانی ئەم وەزیفە تاریخی‌یە دەتوانین ئەو دەسكەوتانە بپاریزین كە تا ئێستا بە دەستمان هێناون.

بەم بۆنەوە لازمە لێرەوە رووبكەینە كرێكارانی كۆمۆنیست و ئەو هاوری كرێكارانەی كە رەسمەن عزوی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران نین و پێیان بڵێین: هاوریان! ئەم حیزبە هی ئێوەیە ئەم حیزبە تەنیا حیزبێكی كۆمۆنیستە كە لە ئێران و دونیا پەرچەمی كرێكاری بەرزكردوەتەوە و بە ناوی كرێكارەوە تەشكیل بووە و بو دامەزرانی حكوومەتی كارگەری موبارەزە دەكا. موبارەزەی ئەم حیزبە تا ئیستە لە موبارەزەی ئێوە جیا نەبووە و لەمەولاش دەبی هەروا بی. ریزەكانی ئەم حیزبە دەبی پر بی لە ئێوە. ئەم حیزبە هی ئێوەیە. وەرن ئەم حیزبە بگرنە دەست، فەتحی كەن! تەنیا بە فەتحی ئەم حیزبە و بە تەقویەتی ریزەكانی ئەم حیزبە و بە دەستەوە گرتنی ئەم حیزبە بۆ بەرەوپێش بردنی موبارەزەی ئەمرۆ و دوارۆژتان دەتوانن لەگەل مەینەت و فەلاكەتی سەرمایەداری موبارەزە بكەن، تەنیا بە حیزبێكی ئاوا دەتوانن نیزامی زالمانەی سەرمایەداری لە ریشە دەربینن و پایەكانی حكوومەتی سووری كرێكاری لەسەر ویرانەكانی دامەزرینن.

هاوری‌یان!

ئەم حیزبە حیزبی ئێوەیە. فەتحی كەن!

ئیتر هەر بژی ئازادی، بەرابەری، حكوومەتی كارگەری!

پیروز بی ١١ی خەرمانان شەشەمین ساڵگەردی پێك هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

***

# وەرگێردراوی وت و وێژی هاوری منسورحکمت بە بۆنەی شەشەمین سالرۆژی پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

**پرسیاری یەکەم: هاوری منسور! ویرای سپاس بۆ ئێوە بۆ بەشداریتان لەم وت و وێژەدا. شەش ساڵ لە پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێپەر بووە. شەش ساڵ لەوە پێش هەر لەم رۆژانەدا، سی و چەند کەس لە هاوریيانمان لە کونگرەی دامەزرینەری حیزبدا کۆبوونەوە و ئەم حیزبەیان پێك هێنا، بە ئاسویەکەوە کە بۆیان دەروانی و بە دیاریکردنی داهاتوویەك کە لە بەر چاویان گرتبوو بۆ ئەم حیزبە. ئەمرۆ پاش تێپەرینی شەش ساڵ، کاتیك چاو لە حیزب دەکەین، ئایا پێت وایە لەو ماوەیەدا بە پێی ئەو شتانەی بەتەمایان بووین و ئەو ئاسویەی رووما تی کردبوو چووینەتە پێش؟**

وەڵام: بە پێوانەی چاوەروانیيە گشتییەکانی کونگرەی دامەزرینەر، نەك هەر ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا دەبووا بکری کراوە، بەڵکوو حیزبی کۆمۆنیستی زۆر لەوە واوەتریش چووە. نازانم لەم بەرەوپێش چوونە چەندە نەتیجەی هەنگاو هەڵگرتنی بە دانستەی خۆدی حیزب بووە و چەندەی حاسلی ئاڵ و گۆرێکی عەینیيە کە لە نیو کۆمەڵدا و لە رەوتی خەباتی چینەکاندا لە ئێران و لە ئاستی جیهانیدا رووی داوە. بێگومان ئەمانە هەر دووکیان دەوریان بووە. بەهەر حال کاتێك چاو لەو ئاسویە دەکەین کە کونگرەی دامەزرینەر رووی تی کردبوو، وەچاو لە جێگا و شوێنی ئێستای حیزبیش دەکەین، ئەو بەرەوپێش چوونە گەورەیە دەبینین. زۆر کەس لە بیریان چووەتەوە کە حیزبی کۆمۆنیست لە چ وەزعییەتێکی فیکری و کۆمەڵایەتیدا پێك هات. حیزبی کۆمۆنیست کاتێك دا پێك هات کە رژیمی ئیسلامی هێرشێکی قورسی کردبووە سەر کرێکار و کۆمۆنیزم، سەر دیموکراسی و تەنانەت سەر بنەرەتیترین و سەرەتاییترین مافە ئێنسانیيەکانی نێو کۆمەڵی ئێران. چەپی رادیکالی ئێران پێش حزیبی کۆمۆنیست، بیرورا و تیئوری وای بەسەردا زال بوو کە ئەمرۆ تەنانەت دواکەوتووترین بەشەکانی چەپی ئێران پێی پی دەکەنن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرانبەر بەو چەپە دواکەتووە وردە بورژواییيە پێك هات. لە ئاستی جیهانی دا هەندێك لایەنی خودی بورژوازی و قوتبە جیهانییەکانی بورژوایی مارکسیزمیان وەك مەکتەبێك بە رەسمی موسادەرە کردبوو. حیزبی کۆمۆنیست ئالای مارکسیزمی رادیکال و رایستەقینەی هەڵگرت. ئەو کات قسە لەسەر ئەوە بوو کە دەبی بەارنبەر بەمانە قوتبیکی پێشرەو و حیزبێکی مارکسیستی پێك بهێنری کە خۆی بە پابەندی رێکخستنی چینی کرێکار و شۆرشی کرێکاری بزانی. ئەو کات قسە لەسەر ئەوە بوو ببینە هەڵگری سوسیالیزمی رادیکال لە ئێران. هەموو ئەوانە و تەنانەت لەوانە زیاتریش لەم شەش ساڵەدا وەدی هاتوون. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی سەقامگیر کردو بوو بە هەڵگری سەرەکی مارکسیزمی رادیکال لە ئێران.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەك هەر پێشی بە لەبەریەك ترازان و تێدا چوونی چەپی رادیکال گرت، بەڵکوو بینایەکی دارشت کە تێیدا حەرەکەتی سوسیالیزمی کرێکاری و تەبدیل بوونی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەیتوانی سەرەرای هێرشی بورژوازی و دەوڵەتە ئیسلامیيەکەی بۆسەر کرێکار و بۆ سەر مارکسیزم لە کۆمەڵدا، درێژەی پی بدری. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوشایيیەکی واقیعی لە کۆمەڵدا پر کردەوە. بە راستی پری کردەوە. حیزبێکی مارکسیستی رادیکال و روو لە چینی کرێکار، پێك هات.

حیزبی کۆمۆنیست دەوریٚ:ی زۆر کاریگەری بوو لە دیاریکردنی ئاسوی خەباتی کرێکاریدا و لە پێك هێنانی قوتبێك لە کۆمەڵدا کە داخوازە چینایەتيیەکانی کرێکاران بەیان دەکا. هەموو کرێکارێکی کۆمۆنیست و هەر کەس خۆی بە سوسیالیست و کۆمۆنیست دەزانی دەتوانی ئەوە بینیتە بەرچاو کە ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست پێك نەهاتبا، ئێستا، لە کۆمەڵدا، لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و لە بزووتنەوەی مارکسیستی دا چ وەزعییەت و جێگا و شوێنێك خۆی داسەپاندبوو.

بەهەر حال هەروەك وتم بە پێی چاوەروانيیەکانی شەش ساڵ لەوەپێش و بەپێوانەی شەش ساڵ لەوە پێش، حەرەکەتی ئەم حیزبە بە تەواوی جێگەی رەزامەندیيە. بەڵام لە راستیدا هەر خۆدی ئەو ئاسویەی شەش ساڵ لەوەپیش و چاوەروانیيەکانی ئەوکاتەمان کە ئیتر پێیان رازی نین. ئیتر سیٚ ساڵە خەریکین بە راشکاوی باسی ئەوە دەکەین پێویستە تەوەقوع و چاوەروانیيەکی زیاترمان لە خەباتی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیست ببی. لە کونگرەی دووهەم دا باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد. ئەگەر بە پێی ئاسویەك کە کونگرەی دووهەم بە رووی حیزبیدا کردەوە، یانی بە پێی ئاسوی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بمانەوی قسە بکەین، ئەمجار ئیتر من هەڵسەنگاندنەکەم فەرق دەکا و دەتوانم پەنجە بخەمە سەر کەم و کووری و شینەیی بوونی جیددی لە کاروبارمان دا.

**پرسیاری دووهەم: وتت تەوقوع و چاوەروانيیەکانمان گوراون و کومونیزمی کرێکاری ئاسویەکی جیاواز و دەست و برد و بە پرتاو بوونێکی زیاتر لە کاری حیزب دا دەنیتە سەرریمان. لەم چەند ساڵەدا لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆرت قسە کردوە و منیش نامەوی و پیچم وانیە بکری ئێستا بە تەسەلی بچینە سەر ئەم باسە. بەڵام پێم باشە چەند کەلیمەیەك لەم بابەتەوە قسە بکەی. ئەگەر هاوریيەکی ئێمە لە کارخانە داوای لی بکری جەوهەری ئەم جەرەیانە کۆمۆنیزمە کرێکاریيە لە چەند دەقیقەدا شی بکاتەوە، دەتوانی چ وەڵامێك بداتەوە؟**

وەڵام: با لە پێش دا ئەوە بڵێم کە من وتم چاوەروانيیەکانمان "دەبی" بگوری و نەم وت "گوراوە". ئەگەر ئێمە بە راستی توانیبیتمان ئەم حیزبە بگەیەنینە جێگایەك کە سەرجەمی حیزب، ئەم چاوەروانیيە تازانە و ئەم ئاسویەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەربگری، ئەگەر توانیبیتمان کارێك بکەین کە حیزبی کۆمۆنیست لە سەرەوە هەتا خوارەوەی لە روانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریيەوە و بەم بۆچوونەوە چاو لە خۆی و لە دنیای دەرەوەی بکا، پێشرەفتێکی بنەرەتیمان کردوە. ئەمە ئاڵ و گۆرێکە کە خەریکە روو دەدا. بە هەموو هەڵس و کەوتەکانیەوە.

بەڵام ئەوەکە وتت لە چەند دەقیقەدا لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکاریيەوە چ دەتوانین بڵێین، ئەگەر من بم و بەراستی مەجالی قسە کردن ئەوەندە تەسك بی، من دەڵێم: قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی، هی کام چینە؟ ئێمە دەڵێین هی چینی کرێکارە. ئەمە هەموو کەس قەبوولیەتی و کەس قسەی لەسەری نیە، بەڵام بۆ ئێمە ئەو حوکمە سادەیە کیشمەکیشیکی بنەرەتی کۆمەڵایەتی لە پێشە. کیشمەکیشیك لەسەر ئەوە کە تیئوری کۆمۆنیزم بە کرێکارەوە بەستراببیتەوە، رێکخراوی کۆمۆنیستی بە کرێکارەوە بەستراببیتەوە، ئامرازە حیزبیيەکان لەگەل کرێکاران لیك تەنرابن، حیزب حیزبی سوننەتی ئیعتیرازی کرێکاری بی، رێکخراوی کۆمۆنیستی و خەباتی کۆمۆنیستی لە ئیعتیرازی کرێکاری جیا نەبن، وە لە هەمووان گرینگتر، کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی لە دنیای واقیعی دا "کرێکار خاوەنیان بی". دنیایەك کە تێیدا ئەو سوسیالیزم و کۆمۆنیزمەی وجوودی بووە لە باشترین حالەت دا حەرەکەت بووە بۆ کۆکردنەوەی هێزی کرێکاران بۆ خەبات لە پێناوی هەندیك ئامانجی بەرتەسك دا کە تەنانەت ئەگەر وەزعی کرێکاری تا رادەیەك بەروباش بوونیش برد بی، کرێکاری نەدەگەیاندە رزگار بوونی یەکجاری و دنیای بەو جۆرە ناگوری کە کرێکار دەیەوی. کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر شتە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیيە. بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینیکی کۆمەڵایەتیيە بە ناوی چینی کرێکار. قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە دەبی بێن بەم بزووتنەوەیە پەیوەست بن. نەفسی بوونە مارکسیست و پێکهینانی حیزبی مارکسیستی ناتان کاتە ئەندامی ئەم بزووتنەوەیە. ئەگەرچی هەنگاویکی بنەرەتیيە بەرەو ئەوە. دەبی بەم ئیعتیرازە کۆمەڵایەتیيەوە پەیوەست بن. لە راستیدا بوونە مارکسیست، بە مانای واقیعی خۆشی بە بی ئەوەی لە جەرگەی ئەو ئیعتیرازە دا بەشدار بی و ببی بە تێکۆشەرێکی چالاك و نەسرەوتووی ئەم ئیعتیرازە کۆمەڵایەتیيە کە لەوەتی سەرمایەداری هەیە، ئەویش هەیە ئێمکانی نیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تیئوریەك و بوچوونێك و رەخنەیەکی شۆرشگێرانە و چینایەتیيە بەرانبەر بە کۆمەڵ. دەبی ئەم بۆچوون و رەخنەیە، تێبگەی و قەبوولی بکەی نەك ئەو شتەکە جەرەیاناتی چەپی چینە دەسەلاتدارەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیونالیزم و ریفورمیزم و دیموکراسی و شتی تر هێناویانەتە نیو مارکسیزم. بیروراکانی مارکس دەبی وەك کرێکاریکی موعتەریز بخوێننەوە و جەوهەری رەخنەگەرانە و ئاڵ و گۆر پێك هێنەری تێبگەن، نەك وەك کەسانێك کە نییەتی کاری خیریان هەیە و خۆیان سەر بە هیچ چینیك نین. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری کیشەیەکی تیئوریکە. کیشەیەکی بۆ گورینی بوچوون و روانین بۆ کۆمەڵ و تاریخی کۆمەڵایەتی و تەنانەت روانین بۆ خۆدی مارکسیزمیش وەك تیئوريیەك. کۆمۆنیزمی کرێکاری سوننەتێکی خەباتی حیزبیيە. قوتبێك، ریزیکی دیاریکراوی حیزبیيە کە هەوڵ دەدا حیزبە کرێکاریيە کۆمۆنیستیيەکان بە پێی ئەو خالانە کە باسم کردن دارێژی. کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەروەها، هەولدانێکە لە نیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ وەدی هێنانی ئەو داهاتووە نەك هیچ شتیکی لەوە کەمتر. کەوایە کۆمۆنیزمی کرێکاری، جەرەیانێکی فیکری، حەرەکەتێکی کۆمەڵایەتی و سوونەتێکی حیزبیيە بە ئامانج و شێوەکان و ئاسو و ئەرکی تایبەتی خۆیەوە. رێك هەروەك هەموو سوننەتێکی خەباتی کۆمەڵایەتی دیکە. پاش ئەم تەوزیحە کورتە هەڵبەت ئەگەر من بم، داوا لە هاوریکەمان دەکەم بچی گەلێك مەتلەب کە هەتا ئێستا لە بابەت کۆمۆنیزمی کرێکاریيەوە نووسراون و وتراونن دەورە بکاتەوە.

**پرسیاری سێهەم: ئەو چاوەروانیيانە چون دەبی وەدی بین؟ مەبەستم ئەوەیە کە رەوتی تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی سوسیالیزمی کرێکاری لە ئیٚ{ان لە کام قوناغان تێدەپەری و پێشرەویيەکانی بە کام هۆیانەوە گری دراوە؟**

وەڵام: بە بروای من ئەمە پێش هەموو شتێك بە هەڵوێستی چینی کرێکار و بەشی پێشرەوە و سوسیالیستی ئەو چینەوە بەستراوەتەوە. وتم کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیيە. کە وایە پێشرەويیەکەی، تەنانەت لە چوارچێوەی حیزبیش دا، لە گرەوی حەرەکەتی هێزە کۆمەڵایەتيیەکان دایە. راستی یەکەی هەتا ئێرەش هەموو پێشرەويیەکی مارکسزم و هەر سەرکەوتنیك کە حیزبی کۆمۆنستی ئێران وەدەستی هێناوە رەنگدانەوەی وەخو کەوتن و جم و جوول و قودرەتێکی چینایەتیيە لە کۆمەڵدا. هەمان خەبات لە دژی سوسیالیزمی وردە بورژوایی لە بەرچاو بگرن کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێیدا سەری هەلدا. ئەوە بیرتەسکیيە ئەگەر پێمان وابی ئەم سەرکەوتنە تەنیا حاسلی خەباتی فیکری خۆمان و تێکۆشانی تەشکیلاتی خۆمان بووە. ئەگەر کرێکاری ئێرانی لە شۆرشی ساڵی ٥٧دا بەو بەرینیيە نەهاتبایە مەیدان، ئەگەر کرێکاری سەنعەتی نەوت بۆ دەورەیەك بە کردەوە ریبەرایەتی شۆرشی شوورا کرێکاریيەکان و بزووتنەوەی کرێکارانی بێکار بەو بەرینايیيە وەگەر نەکەوتبان، زەحمەت بوو بتوانین وا بە خیرایی و بە ئاسانی بەسەر ئەو بیر و بوچوونە میللی گەرایانە و خەلقیيەدا کە بە سەر چەپی ئێران دا زال بوو سەرکەوین. نەمان دەتوانی بوچوونەکان و بەرنامە مارکسیستی خۆمان وا بە قودرەتەوە سەقامگیر بکەین. قودرەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك جەرەیانێکی فیکری و جەرەیانیکی حیزبی، بە قودرەتی کرێکار وەك هێزیکی موعتەریزی کۆمەڵایەتی پشت ئەستوورە. مەبەستم لەم تەنیا لە چوارچێوەیەکی میللیدا نیە هەرچەند وەخوکەوتنی چینی کرێکار لە ئێران و پەرەگرتنی ئیعتیرازی رادیکال لە نیو ئەم بەشەی چینی کرێکاردا تەئسیریکی راستەوخۆتری لەسەر کاری ئێمە هەیە. مەعدەنچی ئینگلیسی و سالیك خەباتی بی ئەمانی، بزووتنەوەی ٣٥ سەعات کار لە ئالمان و خەباتی کرێکاران لە ئافریقای جنوبیش دەستی ئێمە بە هێزدەکەن و رێگای خەباتمان خۆش دەکەن. پەیوەندی راستەوخۆی نیوان قودرەتی کۆمەڵایەتی کرێکار و پێشرەوی کۆمۆنیزم مان لە کوردستانیش دیت. ئەوە کە حیزبی ئێمە توانی وا بە قودرەتەوە

⇦

> **پەیوەندی راستەوخۆی نیوان قودرەتی کۆمەڵایەتی کرێکار و پێشرەوی کۆمۆنیزم مان لە کوردستانیش دیت. ئەوە کە حیزبی ئێمە توانی وا بە قودرەتەوە بەرانبەر بە دژی دیموکراتیزم و هێرشی قەهراوی بورژوازی محەللی راوەستی و دای نیشینیتەوە سەر جێگای خۆی، نەك تەنیا حاسلی کۆلنەدەری و رەشادەتی شکوداری سازمان و حیزبیکی دیاریکراو، بەڵکوو لە بنەرەت دانیشانەی هاتنە مەیدانی کرێکار لە کوردستان وەك هێزیکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتیيە.**

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٢ | خەرمانانی _١٣٦٨ | سیپتامبر _ ١٩٨٩

بەرانبەر بە دژی دیموکراتیزم و هێرشی قەهراوی بورژوازی محەللی راوەستی و دای نیشینیتەوە سەر جێگای خۆی، نەک تەنیا حاسلی کۆلنەدەری و رەشادەتی شکوداری سازمان و حیزبیکی دیاریکراو، بەڵکوو لە بنەرەت دانیشانەی هاتنە مەیدانی کرێکار لە کوردستان وەک هێزیکی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەم واقعییەتە، یانی ئەوە کە بە وەخۆکەوتن و جم و جوولی کۆمەڵایەتی کرێکار ئێمە وەک حیزبیک وختیک بە هێز بووین، پیوانە و نیشانەیەکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە حەقانییەت و رەوا

خۆی دەزانی و وەک وەسیلەی خەباتی خۆی بە دەستەوە دەگری یان نا. هەموو کەس ئەوە دەزانی کە هەر کارێک وەسیلە و ئامرازی خۆی پی دەوی. هەموو کارخانەیەک ناتوانی هەموو شتێک دروست بکا و هەموو ئاچاریک بۆ هەموو پێچێک نابی. ئەگەر کرێکار و سوننەتی ئیعتیرازی رادیکالی کرێکاری قەرارە حیزبێک وەک وەسیلە و ئامرازی خۆی بە دەستەوە بگری، ئەم حیزبە دەبی وەسیلەیەکی موناسب بی بۆ ئەم کارە. لە باری فیکری و عەمەلی و تەشکیلاتی و... شتی ترەوە. کەوایە بەشێک لە خەبات بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری، خەباتە بۆ

گرینگی ئەو جی گورکی و ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی‌یە بەرن کە حیزبی ئێمە دەبی بیکا. بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە هاتنە گۆری باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم حیزبەدا و لە لایەن ئەم حیزبەوە، سوسیالیزم لە ئێران گەیشتوەتە سەرەرێی مەنزلیکی چارەنووس ساز. دەیان ساڵە لە ژیر ئەم ناوەدا کرێکاریان بۆ میللی کردنەوەی فلان و فیسار سەنعەت و نیمچە دەسکاری کردنی ئەم یا ئەو گوشەی نیزامی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری هێناوەتە مەیدان.

> **ئەو دەورانە بە سەر چوو کە کرێکار بە تەمای باش بوونی ژیانی بکەویتە شوێن ئەم و ئەو و هێوای بەم و بەو بی. دەبی بە حیزبی سەربەخۆی چینایەتی خۆمانەوە لە مەیدانی سیاسی دا و لە هەموو بەربەرەکانی‌یەکی رۆژانەدا لەسەر قازانج و بەرژەوەندی کرێکاری، خۆنیشان بدەین. لەسەر ئەم ریبازە پێشرەوی‌یەکی زۆرمان کردوە. حیزبی کۆمۆنیست و ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەو حیزبەدا هەڵکراوە، نیشانەیەکە لەو پێشرەوی‌یە. بەڵام هەموو پێشرەوی‌یەکی لە گرەوی ئەوە دایە کە ئێوە لەگەل ئەم حیزبە چ دەکەن.**

بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مایەیە بۆ ئەوەی لە داهاتووی خۆمان بە تەواوی دلنیا بین.

پێش تریش وتوومە، بە بروای من کۆمۆنیزمی کرێکاری حیزبێکی بەرینی کۆمەڵایەتی‌یە کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا تەنیا گوشەیەک لەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یەمان بەرچاو دەکەوی. داهاتووی ئەم جەرەیانە، داهاتووی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەر لەم مەیدانە کۆمەڵایەتی‌دا دیاری دەکری. ئەوە ئێمەین کە دەبی بو داهاتووی خۆمان بەرنامە دارێژین و بە دانستە و شیارانە هەموو لەحزەیەکی بەرەوپێش بەرین. ئەوە ئێمەین کە دەبی کوسپە فیکری و سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی سەر رێگای ئەم پێشرەوی‌یە تێک بشکینین و رێگا بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزە گەورە کۆمەڵایەتی‌یە دەور و ئەرکی خۆی بەرێوە بەری. هەرچی بی، ئەوە ئێمەین کە حیزبی کۆمۆنیست مان پێک هێناوە و ئالای شۆرشی کرێکاری مان هەلکردوە. بەڵام بۆ یەک لەحزەش نابی لەو واقعییەتە غافل بین هێزی واقیعی ئەم ئاڵ و گۆڕە و مەیدانی واقیعی خۆنواندنی ئەم کۆمۆنیزمە کرێکاری‌یە لە کۆمەڵدا، لە چینی کرێکاردا و لە گەرایشی سوسیالیستی ناوخۆی ئەو چینە دایە.

بە بروای من تەواوی قسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری حیزبی و تەشکیلاتی‌یەوە، لانی کەم لەم دەورەیەدا، دێتەوە سەر ئەوە کە ئایا سوننەتی سوسیالیزمی کرێکاری و جەرەیانی کرێکارانی کۆمۆنیست، حیزبی کۆمۆنیست لە ئاستیکی کۆمەڵایەتی‌دا بە حیزبی سیاسی

تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو وەسیلە و ئامرازە و زال بوون بەسەر گەلێک کوسپ و مانعی فیکری و عەمەلی دا کە دینە سەر رێگامان. ئەمە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو تێکۆشانەیە کە ئێمە دەبی وەک ئەندامانی حیزبێکی دیاریکراو بەرەوپێشی بەرین.

بەم پی‌یە، پێم وایە دەبی رووی قسەمان بکەینە ئەندامانی سەرتاپێی ئەم حیزبە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یە. دەبی رووی قسەمان بکەینە کرێکاران. ئەگەر کاتێک کرێکار قانوونی کاری ئیسلامی پووچەل دەکاتەوە ئێمە وا پێی بە هێز دەبین، دەتوانن ئەوە بێننە بەرچاو کە ئەگەر راستەوخۆ لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیست دا و لە رەوتی تەبدیل بوونی بە حیزبێکی کرێکاریدا دەور و دەخالەتی هەبی، چاوەروانی‌یەکانی ئەمرومان چەندە بە خێرایی وەدی دین.

**پرسیاری چوارەم: بەم جۆرە بانگەوازی ئێوە بە بۆنەی شەشەمین ساڵرۆژی پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە، بانگەوازیکە بۆ کرێکاران و سوسیالیزمی کرێکاری بە گشتی، نەک تەنیا بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب؟**

وەڵام راستی‌یەکی هەموو هەول و تەقالای ئێمە دەبی ئەوە بی کە ئەم بە جیابژاردنە بە تەواوی و بەکردەوە لە نیو بەرین. لیرەدا بانگەوازی من بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری رووی هەر لەو حیزبە بەرینەیە و لە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستیش وەک تێکۆشەرێکی ئەم حیزبە بەرینە. لەوانەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا کۆبوونەتەوە داوا دەکەم پەی بە

هەتا پێش ئێمە، سوسیالیزم لە ئێران بزووتنەوەی نارازیانی چینە دەسەلاّدارەکان و بزووتنەوەی هەڵپاچینی لق و پوپی سەرمایەداری بووە. بەشێکی بەرینی ئەم سوسیالیزمە هەر ببرای ببر بە لای کرێکاردا نەچوو. ئەو بەشانەش کە بە لایەدا چوون لە بەر بەرچاوتەسکی خۆیان و بە هۆی ئەوەی بە شێوەی واقیعی لە مەسەلەی کرێکار جیا بوون، هەموو جاری، چ بە مەشرووتەکەیان گەیشتن و چ پێی‌نەگەیشتبن، بزووتنەوەی کرێکاری‌یان بە ناکامی و پرژ و بلاوی و بەبی دەسکەوت لە بەر دەستی بورژوازی‌دا بەجێ هیشتوە. ئێمە، حیزبێکی کۆمۆنیست مارکسیست و رادیکال کە حاسلی شۆرشێک و حاسلی جم و جوولێکی گەورەی چینی کرێکارین، ئێستا لە جێگا و شوێنێک داین کە ئەم وەزعییەتە بە جارێک بۆ هەمیشە بگورین. ئێمە لە جیگا و شوێنێکین کە ئەگەر بە دروستی ئەرکەکانمان بناسین و لە کوسپ و تەگەرەی سەر رێگامان نەترسین، دەتوانین ئەو سوننەتە کۆمۆنیستی‌یە لە کۆمەڵدا سازمان بدەین کە سەرچاوەکەی، ئیعتیرازی کرێکارە، هێزە بزووینەرەکەی کرێکارە و سەرکەوتنەکەی شۆرشێکی کرێکاری‌یە بە تەواوی مانا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئالای ئەم ئاڵ و گۆرەیە و هەموو ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیست دەبی هەروەک چون دە ساڵ لەوەپێش وا بە گەرم و گۆری و بە ئیرادەی پتەو بە پێچەوانەی کوللی جەرەیانی چەپی مەوجودی ئالای مارکسیزمی شۆرشگێری لە کۆمەڵدا هەڵکرد، ئەمرۆ

ئالاهەلگری کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێکۆشەری ئەم ئاڵ و گۆڕە گرینگە کۆمەڵایەتی‌یە بی.

رووەدەکەمە ئەو هاوری کرێکارانە کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نین و پێیان دەڵێم ئەم حیزبە حیزبی ئێوەیە. تاقە دەنگیکە کە لە سەراسەری ئێران بە ناوی کرێکارەوە بەرز بووەتەوە. ئەم حیزبە بە ناوی ئێوە پێک هاتوە و بە ناوی ئێوە کاردەکا. دەبی بە رەسمی و بە کردەوە بیکەنە هی خۆتان. دەبی بە دەستیەوە بگرن. پێشرەوی ئەم حیزبە هەتا ئەمرۆ لە خەباتی ئێوە جیا نەبووە و لە داهاتووشدا هەروا دەبی. دەبی ریزەکانی پر کەنەوە. دەبی ئاگاتان لە چارەنووسی ئەم حیزبە بی.

دەبی هەوڵ بدەن ئەم حیزبە بە شێوەی واقیعی ببیتە ئەو چەکە کە کرێکار لە خەباتی هەموو رۆژەی‌دا و لە شۆرشەکەیدا پێویستی پی‌یەتی. ئەم حیزبە بە بی دەخالەتی راستەوخۆ و چالاکانەی ئێوە نابیتە ئەوچەکە. ئەو دەورانە بە سەر چوو کە کرێکار بە تەمای باش بوونی ژیانی بکەویتە شوێن ئەم و ئەو و هێوای بەم و بەو بی. دەبی بە حیزبی سەربەخۆی چینایەتی خۆمانەوە لە مەیدانی سیاسی دا و لە هەموو بەربەرەکانی‌یەکی رۆژانەدا لەسەر قازانج و بەرژەوەندی کرێکاری، خۆنیشان بدەین. لەسەر ئەم ریبازە پێشرەوی‌یەکی زۆرمان کردوە. حیزبی کۆمۆنیست و ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەو حیزبەدا هەڵکراوە، نیشانەیەکە لەو پێشرەوی‌یە. بەڵام هەموو پێشرەوی‌یەکی لە گرەوی ئەوە دایە کە ئێوە لەگەل ئەم حیزبە چ دەکەن. ئەم حیزبە تەنیا سازمانی ئەو تێکۆشەران و ئەندامانە نیە کە ناویان تومار کراوە. حیزبی هەموو کرێکارێکی نارازی لە سەرمایەداری و موعتەریز بە سەرمایەداری‌یە، حیزبی هەر کرێکارێکە کە ئەم دنیایە بە شیاوی ئادەمیزاد نازانی و نایەوی هەر ئەم چارەنووسە بۆ رولەکانمان بمینیتەوە. ئەمە حیزبی هەر کرێکاریکە کە لە ژێر فشاری ژیانی رۆژانەدا لە بیری ناچیتەوە کە دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری دەکری، کۆتایی هێنان بە چەوسانەوە و مەینەتی ئینسانەکان دەکری، پێک هێنانی کۆمەڵێکی ئازادی جیهانی دەکری، کە سەرکەوتنی یەکجاری کرێکار بە سەر سەرمایەداری‌دا دەکری. ئەمە حیزبی هەر کرێکاریکە کە شان و ریزی خۆی وەک کرێکار، بوی دەرکەوتوە و تێی گەیشتوە. شەش ساڵ پاش کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بانگەوازی من بۆ کرێکاری ئێران تەنیا یەک جوملەیە:

حیزبەکەتان بە دەستەوە بگرن!

***

# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری سدیق کمانگر

بە داخێکی گرانەوە ئاگادارتان دەکەین کە سەعات ٢ی بەرە بەیانی رۆژی ١٣ی شەهریوەر، هاوری سدیق کمانگر ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزب، بە پیلانی جینایەتکارانەی خائینیکی جمهووری ئیسلامی، گیانی بەخت کرد.

بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆرشگێرانەی ئەم سەردەمەی ئێران، هاوری سدیق کمانگر پێویستی بە ناساندن نیە. هاوری سدیق کمانگر سیمای پرشنگدار و تێکۆشەری لە مێژینەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەکیک لە ناودارترین و خۆشەویست ترین رابەرانی کۆمەلاّنی خەڵک و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، ئاژیتاتور و موبەللغیکی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی جەماوەری و لە کادرەکانی پێک هێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.

لە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوە پێشەوە هاوری سدیق ئامانجی کۆمۆنیزم و خەباتی لە رێگای چینی کرێکار دا کردە ئامانجی ژیانی خۆی و لەوە بە دوا ژیانی پر لە تێکۆشانی لەگەل خەباتی کۆمۆنیستی و شۆرشگێرانە تێکەل بوو. دەس پێکردنی خەباتی رێکخراو و مارکسیستی لە سازمانی نهینی کۆمەڵە دا لە یەکەمین مانگەکانی پێک هاتنیەوە هەتا زاهیر بوونی وەک رابەریکی بزووتنەوەی جەماوەری لە دەورانی راپەرین دا لە دژی رژیمی شا، تەبدیل بوون بە رابەر و ئاژیتاتوری جناحی رادیکال و شۆرشگێری بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بەرانبەر بە کونەپەرستی محەللی و مەزهەبی لە جنووبی کوردستان، وەئەستو گرتنی نەقشی رابەری کۆمەلاّنی راپەریو لە شاری سنە، پاشان خۆ نیشاندان وەک نوینەری راشکاو و زمانی ئاگرینی خەڵکی راپەریو بەرانبەر بە رژیمی ئیسلامی تازە بە دەسەلاّت گەیشتوو لە جەرەیانی نەوروزی خویناوی سنەدا و لە سەدری شوورای ئینقلابی ئەو شارەدا، ئەوە کە ناو و سیمای هاوری سدیق بۆ خەڵکی بی بەش و زەحمەتکێشی شار و دیهات لە جنووبی کوردستان وەبیر هێنەرەوەی داخوازەکانیان و بزووتنەوەی حەق خوازانەیانە، تەبلیغاتی سوسیالیستی و وشیاریدەرانە بۆ کرێکاران وەک کادریکی ناوداری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وە هەروەها بەشداری کردنی لە فەعالییەتی جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی دا وەک ئەندامی کومیتەی حیزب، بەشیکە لە کارنامەی پرباری هاوری سدیق کمانگر. ناوی هاوری سدیق کمانگر لەگەل خەباتی کۆمۆنیستی و شۆرشگێرانە لە ئێران و کوردستان، لەگەل خەبات دژی ستەمکاری و ملهوران، لەگەل خوروشان و راپەرین، لەگەل تێک شکاندنی دوژمنانی خەڵک، وە لەگەل هەر شتێک کە بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ئازیز و خۆشەویستە، تێکەل بووە.

جێگای هاوری سدیق لە نیو دلی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دا بوو و لە نیو دلیان دا هەر دەمینیتەوە. لە دەست چوونی هاوری سدیق بی شک بۆ حیزبی ئێمە، بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان خەساریکی گەورەیە. ئەگەر چی سەری پرشوور و دلی نەسرەوتووی هاوری سدیق ئێستا لە ژیر خاک بۆ هەمیشە ئارامی گرتوە، بەڵام ئەو کارە گەورەیە کە هاوری سدیق و هاوسەنگەرانی ژیانی خۆیان نایە پێناوی، یانی شۆرشی کرێکاری و رزگاری کرێکاران و هەموو بەشەرییەت، ئەمرۆ لە ئێران زیاتر لە هەمیشە هێز کودەکاتەوە هەتا وەک قودرەتمەندترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، چارەنووسی داهاتووی جامعە دیاری بکا.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ویرای سەرەخۆشی کردن لە کرێکارانی شۆرشگێری سەراسەری ئێران، خەڵکی تێکۆشەر و زەحمەتکێشی کوردستان، هاورییانی حیزبی و خانەوادەی هاوری سدیق کمانگر، دلنیایە کە ئەم جۆرە کردەوە جینایەتکارانەیەی رژیمی ئیسلامی، ئەم رژیمە لە سەرئەنجامی حەتمی بە گۆر سپاردنی بەدەست کرێکاران و کۆمەلاّنی زۆر لیکراو نەجات نادا.

کاربەدەستانی رژیمی ئیسلامی ئێران کە زیاتر لە دە ساڵ کینە و وەحشت لە هاوری سدیق کمانگریان لە دل دا ماوەتەوە و لە ترسی شەللاقی کلامی گەرم و تێکۆشانی شۆرشگێرانە و هاندەرانەی، گل و ژانیان بوو دەبی بزانن کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەرچی پتەوتر کردنەوەی ریزە جەنگاوەرەکانی خۆی و بە هەرچی گەرم و گورتر کردنی تێکۆشانی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا و بە لیدانی زەربەی هەرچی مەرگبارتر لە پەیکەری رژیمی ئیسلامی وەلاّمی ئەم ترۆرە دژ بە شۆرشە دەداتەوە.

بەریز بی یادی هاوری سدیق کمانگر

مەرگ و نەمان بۆ رژیمی جمهووری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

کویتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٥ی شەهریوەری ١٣٦٨

***

# (پاشماوەی) ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان لە کارگا بچووکەکان

لە دنیایەك دا کە سەرمایەداران حوکمداران، گیان و چارەنووسی بە میلیون کرێکار دەسکایەی تەماعکاری سەرمایەدارانە. سەرمایەداران ئازادن لە خراپترین هەلومەرجی کار و ژیان دا کرێکاران وادار بە کاری زیاتر بە هەقدەستی کەمتر بکەن و ئازادن قیمەتی کەل و پەل کە شیرەی گیانی کرێکارانیان تێدایە بە دلخوازی خۆیان زیاد بکەن و "کەم و کەسری مالی" یان گرانی لە گیرفانی کرێکاران تەئمین بکەن. ئەوان ئازادن بۆ پاراستنی مالکییەت داراییەکانی خۆیان تریبونەکان بکەنە هی خۆیان، دەست بەسەر رۆژنامەکاندا بگرن و بۆ فشار خستنە سەر کرێکاران، کۆر و ئەنجومەن و ڕێکخراوی خۆیان پێك بینن.

خاوەنانی کارگا بچووك و نارنجی‌یەکانیش هەروان. بۆ نموونە خاوەنی کارگا میکانیکی‌یەکان، تەعمیرگاکان، کارگاکانی قەنادی و خەیاتی و بەشەکانی تر، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیان هەیە و هەر ماوەی جارێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و لەسەر چونیەتی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر راویژ دەکەن و بەرنامە دادەرێژن و بریاری هاوبەش دەدەن. بۆ کرێکاران هەلومەرجی کار دیاری دەکەن، بە مەیلی خۆیان کرێکار دێننە سەر کار وە یا دەری دەکەن، میزانی هەقدەست کەم دەکەنەوە و ... .

ئایا ئێمەش نابی ڕێکخراوی سەربەخۆمان هەبی؟

لە هەلومەرجێك دا کە سەرمایەداران و خاوەنانی کارگاکان بە مەیلی خۆیان لەگەل کرێکاران رەفتار دەکەن، یانی سەعاتی کاری دوور و درێژ و هەقدەستی کەم و زیدەکاری و جەریمەیان بۆ دیاری دەکەن، هەر کات ویستیان دەریان دەکەن و بە ژمارەیەك لە کرێکاران بە ناوی ئەوە کە کارفیر دەبن، یان شاگردن، یان هیچ هەقدەستێك نادەن و یا هەقدەستێکی یەکجار کەمیان پی دەدەن... تاکەی دەبی خەباتی فەردی و پرژ و بلاوی ئێمە بەرانبەر بەم هەموو ستەم و چەوسانەوە و بی مافی‌یە، بی نەتیجە بمێنێتەوە؟ بۆچی خەباتێکی ڕێکخراو و دەست نەدەینی هەتا هیچ کارفەرما و خاوەن کارێك نەتوانی ئاوا مافمان پێشیل بکا؟

لە سالەکانی ٥٨ و ٥٩دا گەلێك لە کرێکاران لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی خۆیانیان پێك هێنا. هەر ئیستاش هەندێك لە کارگاان و بەشەکان، ئیتحادیە و سەندیکای خۆیانیان هەیە و فەعالییەت دەکەن. وەك ئیتحادیەی کرێکارانی: نانەوایی، قەسابی، جگەرپەزی و کەللە پەزی غەزاخوری، حەمام و ... .

کرێکارانی کارگاکان و ئەو مەرکەزانەی ژمارەیەکی کەم کرێکار کاریان تێدا دەکەن، بە تەجرەبە بۆیان دەرکەوتوە واباشترە هەموو کرێکارانی رشتەیەك یان چەند رشتەی وەك یەك لە شارێك، ئیتحادیە پێك بینن هەتا بەم جۆرە هێزێکی هەرچی زیاتری کرێکاران لە دەوری یەك کۆبێتەوە و خۆ رێك بخا و خەباتێکی بە هێز بۆ وەدەس هێنانی داخوازەکانی بەرەوپێش بەری! بەلام ئەم جۆرە ڕێکخراوانە چون پێك دێن؟

بەکردەوە هاوپشتی و یەکگرتوویی نیوان کرێکاران کاتێك چووەتە سەر کە خەباتێکی جیددی لەسەر داخوازێك کەوتبیتنە ری. بۆ نموونە هەر کات زیاد کردنی هەقدەست داخوازی هەموو کرێکارانی مەرکەزێك بووە، ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران لە دەوری یەك کوبوونەتەوە و خەباتێکی یەکگرتوانەیان بەرەوپێش بردوە. بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوەی کرێکاریش هەروایە. زەمینەی پێك هێنانی ڕێکخراوێك کاتێك فەراهەم دەبی کە هێزی خەباتی یەکپارچە و یەکگرتووی کرێکاران بۆ داخوازی ئابووری و ریفاهی وەك: زیاد کردنی هەقدەست، کەم کردنەوەی سەعاتی کار، قەدەغەی دەرکردن، بیمەی بێکاری و باقی ماف و داخوازە کرێکاری‌یەکان پەرە بگری و هێزی زۆربەی کرێکاران بۆ وەدەست هێنانی ئەم داخوازانە بێتە مەیدان. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە کرێکاران دەست دەدەنە خەبات، پێویستی یەکگرتوویی و هاوپشتی و خەباتی هاوبەش و هاوهەنگاو لە نیو هەموو کرێکاراندا هەست پی دەکری و روحی یەکگرتن بە هێز دەبی و پێك هێنانی ڕێکخراوە ئاسانتر دەبی، کەوایە یەکێك لە ئەرکەکانی کرێکارانی تێکۆشەر هاندانی جەماوەری کرێکارانە بۆ خەباتێکی تێکرای هاوبەش لە پێناو وەدەست هێنانی داخوازەکانیان دا.

خالێکی‌تر ئەوەیە کە کۆر و کۆمەلی کرێکاران گونجاوترین وەسیلەیە بۆ پێك هێنانی پەیوەندی نزیکتر و لیك هەلپێکرانی هەرچی زیاتری کرێکاران و قسە و باس و راوێژ و بریاردانی هاوبەشیان. ئامادەیی و هەنگاو هەلگرتنی ئەو کۆر و کۆمەلانە دەتوانی زەمینەی پێك هێنانی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان بەرە بەرە فەراهەم بکا و کەسانێك بۆ پەیوەندی گرتن لەگەل کرێکارانی باقی کارگاکانیش دیاری بکرین. کەوایە نابی ئەوە فەراموش بکری کە ئەو کۆر و کۆمەلانە لە پێك هاتنی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکاندا دەوریان هەیە. هەلبەت کرێکارانی یەك یان چەند رشتەی وەك یەك لە خیابانێك، گەرەکێك وە یا بەشێکی شار، دەتوانن ئیمکاناتێك پێك بینن کە لە دەوری یەك کۆبنەوە و لەسەر ئەوە راوێژ بکەن کە چون ئیتحادیە و سەندیکای خۆیان پێك بینن و بریاری هاوبەش بدەن.

لە هەر جێگایەك کە زیاتر لە ٢٠ یان ٣٠ کارگای چکولەی یەك یان چەند رشتەی لێك نزیك هەبن، وەك کارگاکانی فلزکاری و تەعمیرکاری و میکانیکی و پەنچەرگیری و ... کە کارەکەیان وە یەك دەچی و لیك نزیکن، کرێکارانی ئەو کارگایانە بە ئاسانی دەتوانن لە دەوری یەك کۆبنەوە و بریار بدەن و دەست بدەنە خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازەکانیان و یەکەمین بناغەکانی یەکگرتن و ڕێکخراو بوونیان داریژن.

کوبوونەوەی کرێکارانی یەك رشتە یان چەند رشتەی لیك نزیك لە راستی‌دا یەکەمین مەرجی بەرەوپێش چوونی خەباتی یەکگرتووانەیان و یەکەمین بەردی بناغەیە بۆ پێك هێنانی ئیتحادیە و سەندیکا.

رەنگە هەندیك لە کرێکاران بلێن ئەگەر ئێمە کارێکی وا بکەین خاوەن کارەکان دەرمان دەکەن و ئیتر ناتوانین لە دەوری یەك کۆببینەوە. لە وەلام دا دەبی بلێین خاوەن کارەکان دەرکردنیان کردوەتە چەکیك بۆ بی دەنگ کردنی کرێکاران هەتا ئەگەر کرێکاران بەرانبەر بە هەلومەرجی دژواری کار ئیعتیرازیان کرد، خاوەن کارەکان دەست بۆ ئەم چەکە بەرن و کرێکاران لە ترسی دەرکران، بە هەقدەستی کەم رازی بن.

دیارە پێك هێنانی ئیتحادیە و هەر ڕێکخراوێکی کرێکاری دیکە، بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکارانە بۆ وەدەست هێنانی داخوازەکانیان و موقاوەمەت بەرانبەر بە بی مافی و هەر ستەمێکی‌تر و یەك لەو ستەمانە دەرکرانی کرێکار لەسەر کارەکەی لە لایەن کارفەرماوە. کەوایە لەم هەلومەرجەی بێکاری و بوحران دا ئەگەر لە فیکری پێك هێنانی ئیتحادیە و ڕێکخراوی کرێکاری دا نەبین، دەرکران لەسەر کار و بێکار کران لە جاران زیاتر پەرە دەستێنی.

رەنگە هەندیك لە هاوری‌یانی کرێکار بلێن لەم بێکاری و بوحرانەدا چیمان لە دەست دی؟ خۆ هەر ئێستاش هەزاران کەس بێکارن! لە وەلامدا دەبی بلێین دەبی کارێك بکەین کە کرێکاران ببنە خاوەنی هێز و قودرەتێك کە خاوەن کارەکان نەتوانن لە وەلامدانەوەی داخوازەکانیان خوبدزنەوە و نەك هەر نەتوانن هیچ کرێکارێك لەسەر کار دەرکەن، بەلکوو بۆ کرێکارانی بێکار، بیمەی بێکاری یان کار دابین بکەن.

رەنگە هەندیك لە کرێکاران بکەونە شوێن قسەی خاوەن کارەکانیان و بلێن ئێمە بۆچی خۆمان تووشی ئەو کیشەیە بکەین. سبەی دوو سبەی منیش دەبمە وەستاکار. کارگایەك دەکەمەوە و گیر و گرفتەکە دەبرێتەوە. بەلام مەگەر لە سەدا چەندی کرێکاران سبەی دوو سبەی دەتوانن ببنە وەستاکار؟ خاوەن کارەکان بۆ ئەوە قسە و باسی ئاوا لە نیو کرێکاران دا بلاو دەکەنەوە کە کرێکاران بە هیوای هاتنی ئەو رۆژە بەرانبەر بە هەموو چەشنە بی مافی‌یەك بی دەنگە بکەن و بە کەمترین هەقدەست و نارەواترین هەلومەرجی کار شاگردی و بەردەستی بکەن.

هاوری‌یانی کرێکار!

بێگومان کاربەدەستانی رژیم و سەرمایەداران نایانەوی ئێوە سەندیکا و ئیتحادیەی کرێکاری خۆتان پێك بینن. بەلام ئەوە ئاشکرایە کە ئێمە بۆ خەباتی خۆمان ئیجازە لەوان وەرناگرین و ئەوە حەقی ئێمەیە کە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتمان ئیتحادیە و سەندیکامان هەبی. خەباتی پرژ و بلاوی ئێمە ناتوانی پاشەکشە بە دوژمنانمان بکا و ئێمە بە مافەکانمان بگەیەنی. ئێمە بۆ ئەوە ڕێکخراوی خۆمان پێك دینین هەتا بە هێز و توانات و یەکپارچەتر بەرانبەر بە دەولەت و سەرمایەداران خۆنیشان بدەین و ئەوان لەمە زیاتر نەتوانن مافەکانمان پێشێل بکەن.

***

# عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەلە لە سەرجادەی سنە _ سەقز

لە ماوەی حەوتوویەك دا دووجار بەشێك لەو جادەیە بۆ ماوەی چەن سەعات کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

ئەو عەمەلیاتانە لە هەلومەرجێك دا بەرێوە چوون کە هێزەکانی رژیم لە ئامادەباشی کامل دا بوون.

لەسەر یەك ٦١ بەکریگیراوی رژیم بەدیل گیران کە ٢ ئەفسەر و چەند دەرەجەداریان تێدا بوو.

ماشینێکی بەکریگیراوانی رژیم لە کارخرا و ئاگری تی‌بەر درا.

رۆژەکانی ٥ و ١١ی گەلاوێژ جادەی سنە _ سەقز شاهیدی دوو عەمەلیاتی یەك لە دوای یەکی پێشمەرگەکانی کۆمەلە بوو.

لە عەمەلیاتی رۆژی ٥ی گەلاوێژدا کە سەعات ٨/٥ی ئێوارە لە نیوان تونیلی ماموخ و ئاوایی حوسین ئاوادا بەرێوە چوو، پێشمەرگەکان پاش بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی کاملی دوو کیلومیتر لەو جادەیە، لە نزیك چەندین پایگای رژیم کەمینیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا.

لە بەشی هەوەلی عەمەلیاتەکەدا ماشینێکی تویوتای پر لە بەکریگیراوانی رژیم کەوتە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و سەرنشینەکانی هەلاتن. پێشمەرگەکان پاش پاکسازی مەنتەقەی عەمەلیاتەکە، ماشینەکەیان ئاگر تی‌بەردا.

لە بەشی دووهەمی عەملیاتەکەدا هاورییان ژمارەیەکی زۆر ماشینی موسافیر بەری و باری یان بازدید کرد و ویرای قسە و باس لەگەل موسافیرەکان و بلاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی ٦ بەکریگیراوی رژیمیان بەدیل گرت و پاشان ئەو عەمەلیاتە کە ٣ سەعاتی خایاند هەموو بە سلامەت درێژەیان بە مەئمووریەتەکەیان دا.

لە عەملیاتی رۆژی ١١ی گەلاوێژدا کە بە یارمەتی زەحمەتکێشانی مەنتەقە و بە پێی تەرحێکی دەقیق لە نیوان تونیلی ماموخ و ملەی ماموخ دا بەرێوە چوو، پێشمەرگەکان ویرای بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی ٢ کیلومیتر لە جادەی سنە _ سەقز، سەعات ٨ی ئیوارە دەستیان دایە بازدیدی ماشینەکان و تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بلاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا کە ٤ سەعاتی خایاند ٥٥ کەس لە هێزەکانی رژیم بەدیل گیران کە دوو ئەفسەر و چەند دەرەجەداری رژیم یان لە نیودا بوو.

هاورییان پاش تەواو بوونی عەمەلیاتەکە هەموویان بە سلامەت بە دیل و دەسکەوتەوە شوێنی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

ئەم عەمەلیاتانە لە لایەن موسافیرەکانەوە پیشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لێ کرا.

ناوی دیلەکانی ئەم دوو عەمەلیاتە بریتین لە:

١) قاسم علی نوری
٢) رحمان شیخانی
٣) حسین فاتحی
٤) مەجید سلجوقی
٥) مستەفا مەحمودیان
٦) حسین زنگویی
٧) ئەمیر حسین ناتقی
٨) نادر ئەسعەدی خلیل
٩) عەلیرەزا سابونی
١٠) جەمشید قدرتی
١١) عەلی نزری
١٢) قدرت تیمی
١٣) نەبی سالح نیا
١٤) خسرو شوق مینایی
١٥) فەرج دادرسی
١٦) محەمەد ناجی
١٧) عەبدالعزیم بیگی
١٨) کامبیز حیدەر ئەوغلی
١٩) سەفەر خرجی
٢٠) حەبیب الله سفری
٢١) ئیبراهیم عبدالله پور
٢٢) ئەبوبەکر محەمەد نژاد
٢٣) عەلی شاهورنی
٢٤) محمود بهاری
٢٥) ئەسەدالله بەهرامی
٢٦) ئەحمەد کوچەبان
٢٧) محەمەد رزا شوکتی
٢٨) فیز الله ئەژی‌ری
٢٩) مهدی اسد الهی
٣٠) عەلیرەزا وسفی
٣١) سعید یزدی
٣٢) غلامرزا جاویدفر
٣٣) مرتزا قربان نژاد
٣٤) سالح امجدی
٣٥) زوروار عەلی پور
٣٦) محەمەد سبحانی
٣٧) ابولفزل جوادی بابره
٣٨) رەزا ستاری
٣٩) محمود حسینی
٤٠) ئیبراهیم رحمانی
٤١) یونس فرخی
٤٢) ئەسغر میرزایی
٤٣) سلیمان تاباز
٤٤) شنبه حسین وند
٤٥) ئیسماعیل ئیسماعیل نژاد
٤٦) اردشیر زعیفی ئابان
٤٧) عەلی ئەسغر قلیچ تپەی
٤٨) سیامەك محەمەدزادە
٤٩) عەلی رەزا شکری زاده
٥٠) ئیرەج شوری
٥١) نیکنام ئازاده
٥٢) عەلی رەزا کریمی
٥٣) نایب عەلی سمیمی هنری
٥٤) عەلی کوچه باغ
٥٥) غلام حسین مرادی
٥٦) حیدەر لو
٥٧) کامبیز موسوی
٥٨) ئیبراهیم سلمانی پور حیدری
٥٩) محەمەد رەزا مزاهری
٦٠) نجات عەلی قلیچ تپەی
٦١) حیدەر پارسایی

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٨٤ january: ١٩٩٨

## عەمەلیاتی یەك لە دوای یەكی پێشمەرگەكانی كۆمەڵە لە سەرجادەی سنە _ سەقز

لە ماوەی حەوتوویەك دا دووجار بەشێك لەو جادەیە بۆ ماوەی چەن سەعات كەوتە دەست پێشمەرگەكان.

ئەو عەمەلیاتانە لە هەلومەرجێك دا بەرێوە چوون كە هێزەكانی رژیم لە ئامادەباشی كامل دا بوون.

لەسەر یەك ٦١ بەكریگیراوی رژیم بەدیل گیران كە ٢ ئەفسەر و چەند دەرەجەداریان تێدا بوو.

ماشینێكی بەكریگیراوانی رژیم لە كارخرا و ئاگری تی‌بەر درا.

رۆژەكانی ٥ و ١١ی گەلاوێژ جادەی سنە _ سەقز شاهیدی دوو عەمەلیاتی یەك لە دوای یەكی پێشمەرگەكانی كۆمەڵە بوو.

لە عەمەلیاتی رۆژی ٥ی گەلاوێژدا كە سەعات ٨/٥ی ئێوارە لە نیوان تونیلی ماموخ و ئاوایی حوسین ئاوادا بەرێوە چوو، پێشمەرگەكان پاش بە دەستەوە گرتنی كۆنترۆلی كاملی دوو كیلومیتر لەو جادەیە، لە نزیك چەندین پایگای رژیم كەمینیان بۆ هێزەكانی رژیم دانا.

لە بەشی هەوەلی عەمەلیاتەكەدا ماشینێكی تویوتای پر لە بەكریگیراوانی رژیم كەوتە بەر ئاگری چەكی پێشمەرگەكان و لە كار كەوت و سەرنشینەكانی هەلاتن. پێشمەرگەكان پاش پاكسازی مەنتەقەی عەمەلیاتەكە، ماشینەكەیان ئاگر تی‌بەردا. ل٩

## راگەیاندنی كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ترۆری هاوری سدیق كمانگر

بە داخێكی گرانەوە ئاگادارتان دەكەین كە سەعات ٢ی بەرەبەیانی رۆژی ١٣ی شەهریوەر، هاوری سدیق كمانگر ئەندامی كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران و ئەندامی كومیتەی ناوەندی سازمانی كوردستانی حیزب، بە پیلانی جینایەتكارانەی خائینیكی جمهووری ئیسلامی، گیانی بەخت كرد.

بۆ بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و شۆرشگێرانەی ئەم سەردەمەی ئێران، هاوری سدیق كمانگر پێویستی بە ناساندن نیە. هاوری سدیق كمانگر سیمای پرشنگدار و تێكۆشەری لە مێژینەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی یەكیك لە ناودارترین و خۆشەویست ترین رابەرانی كۆمەڵانی خەڵك و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی كوردستان، ئاژیتاتور و موبەللغیكی هەڵكەوتووی بزووتنەوەی جەماوەری و لە كادرەكانی پێك هێنەری حیزبی كۆمۆنیستی ئێران بوو.

لە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوە پێشەوە هاوری سدیق ئامانجی كۆمۆنیزم و خەباتی لە رێگای چینی كرێكار دا كردە ئامانجی ژیانی خۆی و لەوە بە دوا ژیانی پر لە تێكۆشانی لەگەل خەباتی كۆمۆنیستی و شۆرشگێرانە تێكەل بوو. دەس پێكردنی خەباتی رێكخراو وماركسیستی لە سازمانی نهینی كۆمەڵە دا لە یەكەمین مانگەكانی پێك هاتنیەوە هەتا زاهیر بوونی وەك رابەریكی بزووتنەوەی جەماوەری لە دەورانی راپەرین دا لە دژی رژیمی شا، تەبدیل بوون بە رابەر و ئاژیتاتوری جناحی رادیكال و شۆرشگێری بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بەرانبەر بە كونەپەرستی محەللی و مەزهەبی لە جنووبی كوردستان، وەئەستو گرتنی نەقشی رابەری كۆمەلانی راپەریو لە شاری سنە، پاشان خۆ نیشاندان وەك نوینەری راشكاو و زمانی ئاگرینی خەڵكی راپەریو بەرانبەر بە رژیمی ئیسلامی تازە بە دەسەلات گەیشتوو لە جەرەیانی نەوروزی خویناوی سنەدا و لە سەدری شووڕای ئینقلابی ئەو شارەدا، ئەوە كە ناو و سیمای هاوری سدیق بۆ خەڵكی بی بەش و زەحمەتكێشی شار و دیهات لە جنووبی كوردستان وەبیر هێنەرەوەی داخوازەكانیان و بزووتنەوەی حەق خوازانەیانە، تەبلیغاتی سوسیالیستی و وشیاریدەرانە بۆ كرێكاران وەك كادریكی ناوداری حیزبی كۆمۆنیستی ئێران وە هەروەها بەشداری كردنی لە فەعالییەتی جۆراوجۆری سیاسی و تەشكیلاتی دا وەك ئەندامی كومیتەی حیزب، بەشیكە لە كارنامەی پرباری هاوری سدیق كمانگر. ناوی هاوری سدیق كمانگر لەگەل خەباتی كۆمۆنیستی و شۆرشگێرانە لە ئێران و كوردستان، لەگەل خەبات دژی ستەمكاری و ملهوران، لەگەل خوروشان و راپەرین، لەگەل تێك شكاندنی دوژمنانی خەڵك، وە لەگەل هەر شتێك كە بۆ كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێش ئازیز و خۆشەویستە، تێكەل بووە.

ل٨

## رێكخراوە كرێكارییەكان لە كارگا بچووكەكان

لە دنیایەك دا كە سەرمایەداران حوكمداران، گیان و چارەنووسی بە میلیون كرێكار دەسكایەی تەماعكاری سەرمایەدارانە. سەرمایەداران ئازادن لە خراپترین هەلومەرجی كار و ژیان دا كرێكاران وادار بە كاری زیاتر بە هەقدەستی كەمتر بكەن و ئازادن قیمەتی كەل و پەل كە شیرەی گیانی كرێكارانیان تێدایە بە دلخوازی خۆیان زیاد بكەن و "كەم و كەسری مالی" یان گرانی لە گیرفانی كرێكاران تەئمین بكەن. ئەوان ئازادن بۆ پاراستنی مالكییەت دارایییەكانی خۆیان تریبونەكان بكەنە هی خۆیان، دەست بەسەر رۆژنامەكاندا بگرن و بۆ فشار خستنە سەر كرێكاران، كۆر و ئەنجومەن و رێكخراوی خۆیان پێك بینن.

خاوەنانی كارگا بچووك و نارنجییەكانیش هەروان. بۆ نموونە خاوەنی كارگا میكانیكییەكان، تەعمیر گاكان، كارگاكانی قەنادی و خەیاتی و بەشەكانی تر، ئیتحادیە و سەندیكای خۆیان هەیە و هەر ماوەی جارێك لە دەوری یەك كۆدەبنەوە و لەسەر چونیەتی وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر راویژ دەكەن و بەرنامە دادەرێژن و بریاری هاوبەش دەدەن. بۆ كرێكاران هەلومەرجی كار دیاری دەكەن، بە مەیلی خۆیان كرێكار دێننە سەر كار وە یا دەری دەكەن، میزانی هەقدەست كەم دەكەنەوە و ...

ئایا ئێمەش نابی رێكخراوی سەربەخۆمان هەبی؟

لە هەلومەرجێك دا كە سەرمایەداران و خاوەنانی كارگاكان بە مەیلی خۆیان لەگەل كرێكاران رەفتار دەكەن، یانی سەعاتی كاری دوور و دریژ و هەقدەستی كەم و زیدەكاری و جەریمەیان بۆ دیاری دەكەن، هەر كات ویستیان دەریان دەكەن و بە ژمارەیەك لە كرێكاران بە ناوی ئەوە كە كارفیر دەبن، یان شاگردن، یان هیچ هەقدەستێك نادەن و یا هەقدەستێكی یەكجار كەمیان پی دەدەن... تاكەی دەبی خەباتی فەردی و پرژ و بلاوی ئێمە بەرانبەر بەم هەموو ستەم و چەوسانەوە و بی مافییە، بی نەتیجە بمێنێتەوە؟ بۆچی خەباتێكی رێكخراو و دەست نەدەینی هەتا هیچ كارفەرما و خاوەن كارێك نەتوانی ئاوا مافمان پێشیل بكا؟

لە ساڵەكانی ٥٨ و ٥٩دا گەلێك لە كرێكاران لە شارەكانی كوردستان رێكخراوی خۆیانیان پێك هێنا. هەر ئیستاش هەندێك لە كارگاان و بەشەكان، ئیتحادیە و سەندیكای خۆیانیان هەیە و فەعالییەت دەكەن. وەك ئیتحادیەی كرێكارانی: نانەوایی، قەسابی، جگەرپەزی و كەللە پەزی غەزاخوری، حەمام و ...

كرێكارانی كارگاكان و ئەو مەركەزانەی ژمارەیەكی كەم كرێكار كاریان تێدا دەكەن، بە تەجرەبە بۆیان دەركەوتوە واباشترە هەموو كرێكارانی رشتەیەك یان چەند رشتەی وەك یەك لە شارێك، ئیتحادیە پێك بینن هەتا بەم جۆرە هێزێكی هەرچی زیاتری كرێكاران لە دەوری یەك كۆبێتەوە و خۆ رێك بخا و خەباتێكی بە هێز بۆ وەدەس هێنانی داخوازەكانی بەرەوپێش بەری! بەلام ئەم جۆرە رێكخراوانە چون پێك دێن؟ ل٩

## كرێكارانی كوردستان و مەینەتی بێكاری!

نارەزایەتی و ئیعتیرازاتی رۆژ لە رۆژ زیاتری كرێكارانی كوردستان لە دژی بێكاری، وەزعییەتێكی وای پێك هێناوە كە كاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی لە وەزارەتی كارەوە بگرە هەتا ئیداراتی كاری رژیم لە شارەكان و هەتا ئوستاندار و ئیمام جومعەكانی وادار كردوە وا نیشان بدەن كە گویا لە فكری بێكاران دان. بەلام هیچكامیان نەیانتوانیوە وەلامدەرەوەی داخوازی دەس بەجێی دەیان هەزار كرێكاری بێكار و خانەوادەكانیان بن كە بێكاری ژیانی ئاسایی و رۆژانەیانی خستوەتە مەترسییەوە.

بە ئیقراری خۆدی كاربەدەستانی رژیم لە ساڵی ٦٠ بەم لاوە گەلیك بێكار چوونەتە مەركەزەكانی "كاریابی" و رایان گەیاندوە ئامادەین كار بكەین. دەیان هەزار ئینسانی شەریف و زەحمەتكێش لە هەشت ساڵ لەوەپێشەوە بە شێوەی رەسمی رایان گەیاندوە كە حازرن ئەمرۆ بە فرۆشتنی هێزی گیان و لەشیان نانی سبەینیی خۆیان و خانەوادەیان دابین بكەن. بەلام چ وەلامیكیان وەرگرتوەتەوە؟

ئەو كرێكارانەی لە ماوەی دە ساڵی رابوردوودا بێكار كراون، ئێستا دوای تێپەر بوونی ساڵێك لە كوتایی پی هاتنی شەر هیشتا بێكارن. نە هیچ كاریكیان پی دراوە و نە ژیانیان تەئمین دەكری. ئایا ئەگەر لە سەروەت و سامانی كەلەكە بووی سەرمایەداران وە یا لە بووجەی دەولەت كە حاسلی ساڵها چەوسانەوەی بە میلیون كرێكارە، یەك لە هەزاری بۆ دابین كردنی كار بۆ بێكاران وە یا بو دانی بیمەی بێكاری تەرخان بكری، بەری چوونی هەموو بێكارانی ئێران دابین نابی؟

ئەمرۆ كرێكارانی كوردستان گەیشتونەتە پلەیەكی وشیار بوونەوە كە بە سادەیی ئەوە حیساب بكەن ئیمكانات بۆ تەئمینی ژیانی بێكاران نەك هەر كەم نیە، بەڵكوو یەكجار زوریشە.

ئەمرۆ كرێكارانی كوردستان بێكاری بە بەلایەكی ئاسمانی و بی عیلاج نازانن. كرێكاران كوردستان دەزانن ئەگەر بێكارن و برسیەتی و هەزاران چارەرەشی دیكەیان بەسەر شانەوەیە و جگە لەمانە بە سووك چاویان لی دەكری، تەنیا بە هۆی چاوچنوكی و قازانج پەرەستی سەرمایەدارانە.

ئەمرۆ كرێكارانی كوردستان چ ئەوانەی كاریان هەیە و چ ئەوانەی بێكارن دەزانن بێكاری چون رقەبەری و دووبەرەكی دەخاتە نیوانیان و ملوزمی یەكیەتی و هاوپشتی‌یانە. دەزانن چون كرێكاران لە ترسی ئەوەی نەكا لەسەر كار دەركرین، دەست بە كلاوی خۆیانەوە دەگرن.

بنەرەتی ترین داخوازی كرێكاران بەرانبەر بە بێكاری ئەوەیە كە بی هیچ قەید و شەرتیك كاریان پی بدری و هەتا ئەو كاتەی كاریان بو پەیدا دەبی هەموو بیكاریك لە قەدەر بەری چوونی خیزانێكی پێنج كەسی بیمەی بێكاری پی بدری.

هەژاری و برسیەتی سەبر و چاوروانی ناناسی. لەمە زیاتر كرێكاران ناتوانن ویلی دوای وەعدە و بەلێنی جۆراوجۆر بن. ئێستا ئیتر كرێكاران هیچ بیانوو و تەفرەیەك قەبوول ناكەن و ناتوانن قەبوولی بكەن. كرێكاران نانیان دەوی. یان دەبی كاریان هەبی یان دەولەت دەبی بیمەی بێكارییان پی بدا. بیانووی وەك ئەوە كە جاری كار نیە، بووجەمان نیە بیمەی بێكاری بدەین، جاری راوەستن پرۆژەی فلان كارخانە و مەعدەن بە دەستەوەیە، بۆ كرێكاری بێكار و بی نان هەموویان پووچ و بی كەلكن و قانعی ناكەن. بوچی بووجە بۆ كرینی تانك و توپ و تەیارە و مووشەك و بومب و خومپارە، بۆ خەرجی دام و دەزگای بەرینی سەركوت و خەفەقان، بۆ كەلەكە كردنی پوول لە حیسابی بانكی كاربەدەستان و ئاخوندە مفتەخورەكانی رژیم بە لیشاو هەیە، بەڵام هەر كە باسی ژیان و بەری چوونی كرێكار دێتە گۆری هەمووی وشكایی دی؟

ئەوە حەقی كرێكارانە كە خەرجی بەری چوونی خۆیان و خیزانیان دەولەت تەئمینی بكا. بەلام بەم حەقە بە زمانی خۆش وەدەست نایە. بێگومان لەبەر ئەوەی مافەكانی كرێكاران بە پێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و دەولەتەكەیانن، بە بی هێزی خەباتی لیبراوانەی خۆدی كرێكاران وەدی نایەن. ئەم هێزە هەموو رۆژە لە مەیدانی كاری شارەكان، لە بازاری دەستفرۆشان، لە گەرەكە زەحمەتكێش نشینەكان و لە هەموو شارێكی كوردستان لە دەوری یەك كۆدەبیتەوە. ئەگەر ئەو هەزاران و دەیان هەزار ژن و پیاوە كرێكارە بێكارە كە لە شارێك دەژین بۆ نەهیشتنی مەینەتی بێكاری یەكگرتوو بن، داخوازی هاوبەشیان بێننە گۆر و بۆبەرێوە بردنی ئیرادەی خۆیان هەنگاو هەڵگرن. ئەگەر بەهەر شێوەیەك بۆیان دەكری ئیعتیراز بكەن، بۆ نموونە لە بەر دەركی ئوستانداری و فەرمانداری وە یا ئیدارەی كاری رژیم كۆبنەوە و تحەسن بكەن و یا برژینە فلان ئیدارە و لە كرێكارانی لەسەر كار و لە رێكخراوە كرێكارییەكان داوا بكەن پشتیوانییان لێ بكەن و بە خۆپێشاندان و راپەیمایی و شێوەی‌تر هێزی یەكگرتووی خۆیان بێننە مەیدان و داوای كاری دەس بە جێ یان بیمەی بێكاری بكەن، دەتوانن بە هێزی خۆیان رژیم ناچار بكەن بی ئەم لاو ئەولا هەر ئەمرۆ وەلامی داخوازەكانیان بداتەوە.

گیروگرفتی بێكاری هەموو چینی كرێكاری ئێرانی داگرتوە. گیروگرفتێك كە تەنانەت سەرمایەداران و دەولەتەكەشیان نای شارەنەوە چونكوو وجوودی بە میلیون كرێكاری بێكار و بی نان قازانجێكی زۆر و زەبەند دەرژێنیتە خەزینەی سەرمایەداران و دەستیان ئاوالە دەكا بۆ ئەوەی كرێكارانی لەسەر كار ناچار بكەن هەرچی زیاتر كار بكەن.

لە رۆژی كرێكاری ئەمساڵدا یەكیك لە كاربەدەستانی وەزارەتی كاری جمهووری ئیسلامی بە ناوی "گەنجەیی" لە وت و وێژێكی رادیوییدا بیشەرمانە وتی:

"ئەندازەیەك لە بێكاری لە كۆمەڵدا پێویست هەبی ئەگینا ئەو كرێكارانەی لەسەر كارن باش كار ناكەن و بەهرەوەری كار كەم دەبێتەوە".

بەلی! ئەمە واقعییەتی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەدارییە، واقعییەتێكە كە سەرمایەداران بە هەر شێوەیەك بیانەوی بیشارنەوە، كرێكاران هەموو رۆژی بەرەگ و پیستەوە هەستی پی دەكەن.

بێكاری هەمیشە كار و ژیانی كرێكارانی لەسەر كار دەنیتە ژیر فشار. بێكاری، كرێكارانی لەسەر كار ناچار دەكا بە هەقدەستی كەمتر رازی بن، بە سەعاتی كاری زیاتر رازی بن، بە زیدەكاری رازی بن و تەنانەت شلكەنەمامی لەشی منداڵان لە بازاری بی بەزەیی كاردا هەراج بكەن. بێكاری، بۆ كرێكارانی لەسەر كار یانی نیگەرانی هەمیشەیی لە هەرەشەی دەركران، یانی رایج بوونی بۆچوونی خۆپاریزانە لە نێویاندا، وە یانی دروست بوونی كوسپێك لەسەر رێگای یەكگرتن و خەباتی كرێكاران. بەلام كرێكارانی لەسەر كار لە كوردستان دەمیكە بۆیان دەركەوتوە چارەیان بەرانبەر بە بێكاری ئەوە نیە رازی بن بە هەقدەستی كەمتر و سەعاتی كاری زیاتر، بەڵكوو بە خەبات و بە یەكگرتن لەگەل هاورییانی بێكاریان بۆ وەدی هێنانی داخوازی كار یا بیمەی بێكاری پێش بە رەنج و مەینەتی بێكاری بگرن.

ئاشكرایە یەكگرتنی بەرینی كرێكاران لە دژی بێكاری، یەكگرتنێك كە هێزی بەشی هەرە زووری كرێكارانی بێكار و لە لەسەر كاری سەراسەری وڵات بگرێتە بەر، كاریگەر ترین و بە تواناترین ئامرازە بۆ وەدی هێنانی داخوازەكانیان، كرێكارانی لەسەر كار هەر لە ئێستاوە دەتوانن راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە دژی بێكاری دەست بدەنە خەبات.

***